# رەخنەی ئەدەبی

**زاراوەی رەخنەی ئەدەبی:** رەخنەی ئەدەبی لەدوو وشە پێکهاتووە (رخنە ، ئەدەب)، ئەدەب گوزارشت کردنە لەسەر ژیان یاخود لەسەر بەشێکی بەشێوەیەکی جوان و رازاوە. رەخنە بەرامبەرەکەی لەزمانی عەرەبیدا وشەی (نقد)ە واتە (عەیب) یاخود دەرخستنی کەموکوڕی، هەروەها بەمانای پارەش دێت. لە زماننی ئینگلیزیدا رەخنە زاراوەی (Criticism)ی بۆ دانراوە واتە بڕیاردان (حوکم)، ئەم زاراوەیە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەم لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی سەری هەڵدا، ئەم زاراوەیە لەبەر ئەوە دروست بوو ، چونکە تێکەبوونێك لەنێوان مانای رەخنەگر (Critic) و بەرهەمی ئەدەبی (Critique) هەبوو ، زانایان بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە زاراوە نوێیەکەیان دروستکرد.

**چەمکی رەخنەی ئەدەبی:** بریتییە لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی پارچەیەکی هونەری و زانینی نرخ و پلەی هونەری، جا ئەو پارچەیە ئەدەب بێت یان تابلۆ یان مۆسیقا. مانا فراوان و بڕاوەکەی رەخنەی ئەدەبی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا وەسف و شیکردنەوە و لێکدانەوە دەگرێتەوە ، سەرەڕای راستکردنەوەی هەندێ کاری ئەدەبی و گفتوگۆکردن لەسەر رێباز و تیۆر و ئێستاتیکای ئەدەب، یاخود هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەپێشا دەکەوتنە ناو خانەی ئەدەب و رەوانبێژییەوە.

**ئەرکی رەخنەی ئەدەبی :** رەخنە دوو ئەرکی جیاوازی هەیە( لێکدانەوە و بڕیاردان) ئەم دوو ئەرکە هەتا ئێستاش بەردەوامە، ئەگەر چی بەپێی رۆژگار هەردوو ئەرکەکە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە:

١. لە کۆنەوە زۆر لە زانایان لەو باوەڕەدابوون کە مەبەست لە رەخنە تەنیا بڕیاردانە، بڕیاردانەکە رێگایەکە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە. واتە بڕیاردان ئەرکی سەرەکی ڕەخنەی ئەدەبی بووە.

٢. دواتر زۆر لەوانەی خەریکی توێژینەوەی ئەدەبی بوون گوتیان ئەرکی رەخنەگر تەنیا خستنەڕووی دەقی ئەدەبییە، واتە بڕیاردان لێرەدا بوونی نییە، بەڵکو تەنیا خستنەڕووی دەق و شیکردنەوەی ماناکانی ئامانجی رەخنەی ئەدەبییە.

٣. کەچی لە رۆژگار ئێستا ئەم بۆچوونە لە رەخنەی نوێدا باوە کە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دەق و بڕیاردان لەنێوان رەخنەگر و خوێنەردا هاوبەشە، لەمبارەیەوە ( رێنێ ویلك) دەڵێت: دەتوانین پێناسەی رەخنەی ئەدەبی بکەین بەوەی کە گفتوگۆیەکە دەربارەی ئەدەب، لەم جۆرە رەخنەیەدا رەخنەگر تەنیا دەقەکە لێك دەداتەوە و بڕیاردانەکە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵێت، چونکە بەپێی رەخنەی نوێ نووسەر و خوێنەر بەیەکەوە داهێنان دەکەن ، بۆیە پێویستە خوێنەر ئاستی رۆشنبیری خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بگات بە ئاستی نووسەر.

**مەبەست لە خوێندنی رەخنەی ئەدەبی :** مەبەست لەخوێندنی رەخنەی ئەدەبی زانینی ئەو دەستوورانەیە کە بەهۆیانەوە دەتوانین بڕیار لەسەر پارچەیەکی ئەدەبی بدەین باشە یان خراپە، ئەگەر باشە لە چ پلەیەکدایە و ئەگەر خراپە ئاستی خراپییەکەی چۆنە؟ لەگەڵ زانینی ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن بۆ راستکردنەوەی ئەو دەقە ئەدەبییە. بۆیە کاکڵەی رەخنەی ئەدەبی بریتییە لە دەرخستنی ئەو لایەنەی کە لەرووی هونەرییەوە پێگەیشتووە لەناو دەقی ئەدەبیدا و جیاکردنەوەی لە بەرهەمی تر لەرێگەی لێکدانەوەی ئەو دەقە ئینجا بڕیاردان لەسەری، چونکە بڕیاردان بەبێ لێکدانەوە هیچ بەهایەکی نییە و لێکدانەوەش لەلای هەر رەخنەگرێك بەجۆرێکە، چونکە وشە لەلای هەر رەخنەگرێك جۆرە

لێکدانەوەیەکی هەیە بەپێی چێژ وەرگرتن  لەو دەقە ئەگەر چێژی لە شیعرێك وەرگرت ئەوا شیعرەکە ی پێ باشە نەك لەسەر باشی شیعرەکە، بەڵکو بەپێی لێکدانەوە و رۆشنبیری و چێژ لێوەرگرتنی خۆی.

**بەرهەمی ئەدەبی :** لە دوو بەش پێکهاتووە ( رووخسار و ناوەڕۆك))رووخسار شێوەی هونەری دەقە ناوەڕۆکەکە دەگرێتە باوەش و نرخی هونەری بەو بابەتە دەبەخشێ، رەخنەگری پسپۆر لە کاتی رەخنەگرتن  و شیکردنەوەی ئەم دوو بەشە تێکەڵ ناکات با یەکیشیان گرتبێت رەخنەگر هەر لایەنێك  لەو لایەنانە  بەجیا  باس دەکات ، ئینجا بڕیار لەسەر دەقەکە دەداتە.

**رەخنەی ئەدەب هونەر و زانستە بەیەکەوە:**  رەخنەی ئەدەبی زانستە، چونکە بەپێی رۆشنبیری و ئاگادارییەکی فراوان و قوڵ لەسەر رێڕەوێکی دیاردا دەڕوات و لەبەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و بە پێوانەیەکی بابەتیانە هەڵیدەسەنگێنێ و هەموو لایەنەکانی ڕەچاو دەکات وەکو لایەنی جوانی، دەروونی، فەلسەفی، ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی ، زمانەوانی ...هتد. دەیانکاتە بناغەی رەخنەیەکی سەرکەوتوو. لەهەمانکاتدا رەخنەی ئەدەبی هونەرە، چونکە بەگوێرەی کەسیەتی رەخنەگرەکە دەگۆڕێت و لایەنی کاریگەری دەق لەسەر رەخنەگر تاڕادەیەکی زۆر دێتە پێشەوە و رێگا بۆ رەخنەگر خۆش دەکات هەست و سۆزی بە تەوژمی نووسەر کەفو کوڵ دەکات، هەر چەندە رەخنەگر خۆی بێت و هەوڵ بدات کاریگەرییەکەی لەسەر دەرنەکەوێ و دووره پەرێز بوەستێ ناتوانێ ئەو کاریگەرییە لە نووسینەکەیدا رەنگ دەداتەوە.

**رەخنەی ئەدەبی پێش ئەفلاتوون:** لە پێش ئەفلاتون گەلێك هەوڵی جیا جیای بێ بەرنامە لە رخنەی ئەدەبیدا هەبوو، کۆنترینیان ئەو پێشبڕکێیانە بوو کە حکومەتی (ئەسینا) لە جەژنە ئاینییەکاندا ڕێکی دەخست و تیایدا شانۆگەری پێشکەش بە خواوەندی شانۆ (دیونیسوس)ی دەکرا. یۆنانییەکان دوو جەژنیان  هەبوو، یەکەم: جەژنی (لینیا) کە لەوەرزی زستاندا بوو دەکەوتە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم، تایبەت بوو بە شانۆگەری کۆمیدیا کە شانۆگەری گاڵتەجاڕی و رەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نمایش دەکرا، دووەم جەژنی (دیونیزیا) دەکەوتە وەرزی بەهار و لەمانگی ئادار و تایبەت بوو بە شانۆگەری تراژیدیا.

شاعیران دەبوایە ماوەیەك پێش هاتنی جەژنەکان بەرهەمەکانیان پێشکەش بە سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکان بکەن، تاکو رەزامەندی لەسەر وەربگیرێت و دواجار پێداویستییەکانی بۆ ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو شانۆگەرییە رەزامەندی لەسەر وەرگیراوە پێش جەژن ئامادە بێت بۆ نمایش کردن لە پێشبڕکێیەکەدا. لیژنەیەك لە (١٠) کەس پێکدەهات کە هەریەکەیان نوێنەری هۆزێك لە هۆزەکانی یۆنان بوو لەگەڵ نوێنەری حکومەت. لەرۆژی جەژندا کە شانۆگەرییەکان نمایش دەکران ئەم لیژنەیە سەیری شانۆگەرییەکانی دەکرد، بەڵام وەك رەخنەگرێك  نەك وەك بینەرێك  هەر شانۆگەرییەك  بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت دەبوایە بەلایەنی کەم پێنج دەنگ بەدەست بێنێت ئینجا بە سەرکەوتوو دادەنرا و دەخرایە ناو پێشبڕکێی شانۆگەرییە سەرکەوتووەکان.

دەنگی ئەندامانی لیژنە زۆر جار لەبەر هەندێ هۆکار کاری تێدەکرا و دەبووە مایەی گۆڕانی بڕیارەکە  لەوانە:

١. لە ژێر فشاری هەراو هۆریای بینەران کار لە دەنگەکان دەکرا و زۆر جار دەگۆڕدرا.

٢. بەرتیل رۆڵی هەبوو لەکڕین  و بەدەستهێنانی دەنگەکان.

٣. نوێنەری حکومەت هەندێ جار فشاری دەخستە سەر ئەندامەکان بۆ ئەوەی دەنگ بە شاعیرێکی دیاریکراو بدەن .

لەگەڵ بوونی ئەو هۆكارانەش شانۆگەری باش زۆر جار خۆی دەسەپاند و سەركەوتنی بەدەست دەهێنا، ئەم چالاكییە بە جۆرێك لە رخنەی ئەدەبی دادەنرێت، چونكە بڕیاردانی تێدایە ئەگەر بڵێن ئەركی رەخنە لێكدانەوە و بڕیاردانە ئەوا نیوەی ئەركەكەی بەجێهێناوە، خۆ ئەگەر ئەو بۆچوونە وەربگرین كە دەڵێ ئەركی رەخنە تەنیا بڕیاردانە ئەوا ئەركی تەواوی بەجێهێناوە سەرەڕای ئەو رەزامەندییەی لەكاتی پێشكەشكردنی شانۆگەرییەكە وەردەگیرێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرە هەڵسەنگاندنێكە بۆیە ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی رەخنەی ئەدەبییە لای یۆنانییەكان.

<u>**سەرەتای سەرهەڵدانی رەخنەی ئەدەبییە لای یۆنانییەكان:**</u> شاعیران كاتێك كە شیعر دەنووسن پێش ئەوەی بۆ كەسی بخوێننەوە چەند جارێك بەسەریدا دەچنەوە و گۆڕانكاری تێدا دەكەن، هەندێ شتی بۆ زیاد دەكەن و هەندێكی لێ دادەبڕن، بەو كارە دەوترێت رەخنە، چونكە ئەگەر شاعیر رازی بێ بە بەرهەمەكەی خۆی ئەوا دەسكاری ناكات، بۆیە دەڵێن شاعیر یەكەم رەخنەگری بەرهەمی خۆیەتی، بەڵام رەخنەكەی زانستی نییە، چونكە بە خۆشەویستی بڕیاری لەسەر داوە.

كۆنترین دەقی ئەدەبی یۆنانی كە بەدەستمان گەیشتبێ شانۆگەری (بۆقەكان)ی ( ئەرستۆڤانیس)ە كە لە سەدەی پێنجەمی پ.ز نووسراوە. لەم شانۆگەرییەدا خواوەندی شانۆ هەست بەوە دەكات كە شانۆی یۆنانی بەرەو كزی چووەو پێویستە ببوژێنرێتەوە، بەڵام لە شاعیرانی سەر زەوی (زیندوو) كەسێكی وا نییە، بۆیە بڕیاردەدات بچێ بۆ دنیایەكەی دیكە (جیهانی مردووان) و لەناو شاعیرە مردووەكانی یۆنان شاعیرێك زیندوو بكاتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە بۆ ئەوەی شانی یۆنانی ببوژێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لەجیهانی مردووان دوو شاعیری مەزنی یۆنانی زیندوو دەكاتەوە ئەوانیش ( ئەسخیلۆس) كە تراژیدی نووسێكی یۆنانییەو زۆر لەمێژە مردووە، (یۆربیدس) كە ئەویش تراژیدی نووسەو ساڵێك بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە. كاتێك ئەم دوو شاعیر زیندوو دەكاتەوە گفتوگۆیەك لەنێوانیاندا دروست دەكات.

ئەرستۆڤانیس دەیەوێت لەم شانۆگەرییەدا ئەوەمان پێ بڵێت كە كام لەم دوو شاعیرەی لا پەسەندە، چونكە دوو رێبازی جیایان لە شانۆی یونان دروستكردووە، جیاوازییەكەشیان لەوەدایە:

١. ئەسخیلۆس لەسەر رێبازی شانۆی كۆنی یۆنانی دەڕوات و داب و نەریتەكانی شانۆ نابەزێنێت. یوربیدس رێبازی شانۆی كۆنی یۆنانی دەبەزێنێ و جیاواز دەبێ لە شانۆنووسەكانی دیكە لە هەڵبژاردنی پاڵەوانەكان ، جگە لەوە رۆڵی شەڕكردن بە خزمەتكارەكانیش دەبەخشێ.

٢. ئەسخیلۆس لە خواوەندی شانۆ دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی ئیلهامی پێ ببەخشێ و سەری بخات. یۆربیدس دەڵێ: ئەی سروشت ئەی هەوا ئەی عەقڵ فریام كەوە.

لێرەدا دوو سەرچاوەی شیعر دەستنیشان دەكرێت، لەلای ئەسخیلۆس سەرچاوەی شیعر ئیلهامە خواوەند بە شاعیری دەبەخشێ، بەڵام لەلای یۆربیدس سەرچاوەی شیعر سروشتە و بەهرەكەشی هی شاعیر خۆیەتی نەك خواوەند.

٣. یۆربیدس بە ئەسخیلۆس دەڵێ: كاتێ شانۆیی یۆنانیت بۆ جێهێشتین تەمبەڵ و تەوەزەل بوو، شانۆیەكی بێ سوود و بێ مانا بوو من بە وشەی خۆشی رۆژانە جوانی جارانم پێ بەخشییەوە و ویستم تازەی بكەمەوە و لەو بارە ناهەموارە رزگاری بكەم كە تۆ دروستت كردبوو.

**٤. پاڵەوانەکانی (ئەسخیلۆس) دەمامکیان دەپۆشی بۆیە هیچ هەڵچوون و کەسایەتی و بیرکردنەوەیان دیار نەبوو، واتە فێل لە بینەر دەکرا، بەڵام پاڵەوانەکانی (یۆربیدس) بە بێ دەمامك دەهاتنە سەر شانۆ ، لێرەدا یۆربیدس دەیەوێت بڵێت ئەسخیلۆس زۆر لەواقیع دوورکەوتۆتەوە و بەرەو خەیاڵ چووە.**

**لەلایەکی دیکەوە هەردوو شاعیرەکە بۆ یەك ئامانج هەوڵیان دەدا واتە ئامانجی شیعری لەلایان مەسەلەیەکی رەوشتی و پەروەردەییە.**

**لە کۆتایی شانۆگەرییەکەشدا خواوەندی شانۆ زۆر لە ئەسخیلۆس رازییە و شانۆگەرییەکانی ئەوی بە دڵە، چونکە رێزیان لە دەستوورە ئایینییەکان گرتووە، بەڵام لە یۆربیدس توورەیە، چونکە رێبازە ئایینییەکانی لەناو بردووەو لە شانۆگەرییەکانیدا باس لە عەیبی خواوەندەکان دەکات ئەوەی کە مرۆڤی ئاسایی تووشی دێت، بۆیە شانۆگەرییەکە بە سەرکەوتنی ئەسخیلۆس و دۆڕاندنی یۆربیدس کۆتایی دێت .**

**لەناوەڕۆکی ئەم شانۆگەرییە دەگەینە چەند خاڵێك:**

**١. ئەم گفتوگۆیە یەکەم چالاکی رەخنەییە سازدراوە.**

**٢. ئەم جۆرە بەرامبەر بەیەککردنە کاتێك کە دوو شاعیر لەیەك زمان بەرامبەر یەك دەکرێن ئەم رەخنەیە دەچێتە خانەی رەخنەی بەرامبەریەکی (موازنە)، چونکە بەرامبەرکردنەکە لەنێوان دوو شاعیر دایە کە بە یەك زمان دەنووسن، ئەگەر زمانیان جیا بایە پێی دەوترا رەخنەی بەراورد(مقارن) بۆیە ئەگەر بپرسین رەخنەی یۆنانی لەو سەردەمەدا چ جۆرێك بووە دەڵێین رەخنەی بەرامبەرییەتی بووە.**

**٣. کێشەی نێوان کۆن و نوێ لە ئەدەب بە گشتی و لەشیعر بەتایبەتی دەرووژێنێ، ئەم کێشەیە لەهەموو سەردەمێکدا دووبارە بۆتەوە ، لای یۆنانییەکان لەسەدەی چوارەم و پێنجەمی پێش زایین دروست بووە . لێرەدا ململانێیەکە لەنێوان رێبازی کۆن و نوێی شانۆییە، ئەسخیلۆس لەسەر رێبازی کۆن دەڕوا و پشتگیری لە خاسیەتەکانی ئەو رێبازە دەکات، بەڵام یۆربیدس لەسەر رێبازێکی تازەیەو داب و نەریتی رێبازی کۆنی بەزاندووە و لێی لاداوە.**

## سوقرات:

فەیلەسوفێکی دانا و بلیمەتێکی دلێر و چاو نەترس و ڕاستگۆبوە، داستانی ژیان و کاروکردەوەکانی و مردنی ئەوەندە سەیر و سەرنج ڕاکێشن وایان لە زۆربەی نوسەر و توێژەران کردوە، بایەخ بەم لایەنەی بدەن و تا ڕادەیەک بیر و ڕاو تێڕوانین و ڕامانەکانی ئەویان لە بیربچێت، وەک ئادەمیزادێکی کارامە و دانایەکی بلیمەت خۆی ڕاگرتوە، قسە و کرداری یەکبوە و ژیانی کردوە بە قۆچی قوربانی ئەو شتەی بڕوا و باوەڕی پێی هەبوە و بە شادومانیەوە پێشوازی لە مەرگکردوە، واتە مەرگدۆستی هەڵبژاردوە لە پێناو ژیاندۆستی مرۆڤەکانیتر.

سوقرات لە دەورو بەری ساڵی (٤٧٠ )پ.ز. لە ئەسینا لە دایکبوە نزیکەی (٧٠) ساڵ ژیاوە واتە لە ساڵی (٣٩٩)پ.ز. پیاڵە ژەهرەکەی بەبوێریەوە خواردەوە و گیانی دەرچو.

سۆفرۆنیکسۆسی باوکی پەیکەر تاش و ڤاینارتی دایکی مامان بوە، سوقرات چاو زەق و کەلەگەورە و لچ ئەستور و لوت پوچبوە، بەلاّم ئەمانە لە خاوەنی دلّ و دەرون و گیان و ڕەوشت و دانای بێ وێنەی ئەویان کەمنەکردۆتەوە، ماوەیەک بە پەیکەر تاشیەوە سەرقاڵبوە، لە ڕیزی لەشکردا کاریکردوە و لە شەڕدا نمونەی نەبەزین و خۆڕاگری و دلێری و ئازایەتی بوە، دوای ئەمانە ڕویکردۆتە فەلسەفە و بە پەیامێکی پیرۆزی داناوە لە ژیاندا، شارەزای لە ژمێرە و ئەندازە و ئەستێرەناسی و ڕامیاریدا هەبوە.ژنێکی هار و هاج و زمان درێژی هەبوە ناوی ئەکسانتیپ بوە، وادەردەکەوێت هەمیشە سوقرات بەدەستیەوە ناڵاندویەتی و پەرێشان بوە، بەلاّم هەرگیز چۆکی دانەداوە لە ڕاپەڕاندنی کار و باری ڕۆژانەیدا سوقرات زۆرجار وتویەتی : (ئەکسانتیپ وەک ئاسمان لە پڕ هەور تێیدا دەگرمێنێ، کەچی لەدوایدا یەکسەر دەست دەکات بە باران بارین).
سوقرات بە پێچەوانە و مامۆستا و دانایانی پێش خۆی و هاو سەردەمەکانی هیچ جۆرە کرێیەکی لەکەس وەرنەگرتوە، لەبەرانبەر فێرکردنی فێرخوازاندا، لاف و گەزاف و فیزی نەبوە لە کوچە و کۆلاّن و ناو بازاڕدا بە پێ خواسی گەڕاوە و لەگەڵ خەڵکی سادەدا تێکەلاّوبوە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە پلە و پایە و دەست ڕۆیشتنیان، لەگەڵیاندا لەبارەی ژیانی ڕۆژانە و مردن و ڕەوشت و نەریت و ئەو بابەت و مەسەلانە دواوە کە ئادەمیزادی ئەو سەردەمە پێیەوە خەریکبون.
ئەفلاتون قوتابی سوقرات بوە و لە بەرهەمەکانی ژیان و کردار و فەلسەفەی سوقراتی مامۆستای دڵسۆزانە تۆمارکردوە، سوقرات بەرهەمی نوسراوی نەبوە تاوەکو لە پاشی بەجێ بمێنێ بۆیە بەرهەمەکانی ئەفلاتونی قوتابیەکەی بەراستترین سەرچاوە دادەنرێن بۆ نوسین و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە لە بارەی سوقراتەوە.
ئەفلاتون لەبارەی سوقراتی مامۆستایەوە دەڵێت : سوقرات لەو باوەڕەدابوە کە لە ئەنجامی پەیامێکی یەزدابیەوە ئەرکێکی گرنگی کەوتۆتە سەر شان و پێویستە هەوڵ و تەقەلاّی جێ بە جێکردنیان بدات، شیفرۆن دۆست و هاوڕێی منداڵی سوقرات بوە ڕۆژێک جۆتە یەکێک لە پەرستگاکان و لە خزمەتکار یاخود پاسەوانی پەرستگاکەی پرسیوە : ئایە کەسێک هەیە لە سوقرات داناتربێت، یاخود زیرەکتر؟ لە وەلاّمدا وتویەتی : ناء، سوقراتیش بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستی ئەم قسەیە ساغ بکاتەوە و بیسەلمێنێت لەگەڵ خەڵکیدا کەوتۆتە دەمە تەقێ و لەم بارەیەوە گوتویەتی : من لاسای دایکم دەکەمەوە ئەو مامانە و یارمەتی ژنان دەدات بۆ ئەوەی منداڵیان ببێ و، منیش یارمەتی خەڵک دەدەم بۆ ئەوەی لە کاتی تێڕامان و بیرکردنەوەدا بگەنە ڕاستەقینەیی ئەم تێڕامان و بیرکردنەوانە و بیرێکی تر بهێننە کایەوە.
لە تەمەنی (٧٠)ساڵیدا سێ کەسایەتی کە بریتیبون لە (ئەنتیس) کە سیاسیەکی دیموکراتخوازی ئەوسابوە ، (میلیتس)ی شاعیر و، (لیقۆنی) قوتار بێژ، سوقراتیان بەم سێ تۆمەتە گوناه بار و تاوان بارکرد ، ڕاپێچی بەردەم دادگایان کرد. تۆمەتەکان
١.سوقرات مێشکی لاوانی تێکداوە و ئەمەش وایکردوە خوڕەوشتیان خراپبێت.
٢.نکۆڵی لەبونی خواوەندە ڕەسمیەکانی گریک دەکات .
٣.بانگەشە و داوای پەرستنی خواوەندێکیتردەکات.

ئەفلاتون زۆر ورد و دڵسۆزانە ئەم ڕوداوانەی تۆمار کردوە و دڵسۆزیەکەی وای لێکردوە جلەوی خەیاڵ بۆ خامە ڕەنگینەکەی شل بکات و، بەچەشنێک وادێتەبەرچاو کە ئەوە سوقراتی ڕاستەقینەیە و، خودی خۆی ژیان و بیرو بۆچون و فەلسەفەکەی خۆی تۆمارکردوە، دواتر بەنەوەکانی دوای خۆی گەیاندوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کەڕاستە سوقرات مامۆستای ئەفلاتون بوە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر خوێندکارەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەفلاتون تەنیا قوتابیەکی ئاسای و تەنیا گوێگر و یاخود میرزایەک نەبوە، بەڵکو کەسایەتی و فەیلەسوفێک بوە کەبیر و بۆچون و تێڕامانەکانی لەبواری فەلسەفە و ئەدەب و ڕامیاری و ...تاد، بەبەراورد بە مامۆستاکەی قوڵتر و دورمەوداترن.

سوقرات بە بەراورد لەگەڵ فەیلەسوفەکانی پێش خۆی و سەردەمەکەی خاوەنی ڕێچکە و ڕێبازێکی تایبەت بەخۆیبوە، کە هەمیشە شێوازی " پرسیار و وەڵامی " گرتبوە بەر کە پێیدەوترا (دیالێکتیک)، یاخود دیالێکتیکی سوقراتی واتە گفتوگۆ و دەمەتەقێی دور و درێژ و نەپساوە و نەبڕاوە و ورد و قوڵ کە لەدواجاردا ئەنجامێکی لێ بەردەست بکرێت، بۆنمونە دەربارەی کارو باری ئادەمیزاد دەیپرسی چاکە و خراپە چییە؟ جوان و ناشیرینی کامانەن؟ دادپەروەری و زۆرداری چین؟ دانای چیە و شێتی کامەیە؟ جیاوازی نێوان ئازایەتی و ترسنۆکی چییە؟ دەوڵەت و ئادەمیزادی سیاسی کامانەن؟ حکومەت و حاکم کێن؟ ...تاد، ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاریتر، داواکردنی وەڵامەکەی بەلای خەڵکیەوە تا ڕادەیەک ئەستەم و ناخۆش و گران بون، بۆیە خەڵکی گەلێ جار لە سوقرات دڵگران و نیگەران دەبون، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە خۆیان بە زیرەک و زڵزان دەزانی و لەکاتێکیشدا کەوتبونە نێو گێژاوی نەزانیەوە، بەڵام سوقرات چۆکی دانەدا و لەگەڵیان دەکەوتە پرسیار و وەڵام و گفتوگۆ و دەمەتەقێ، لەڕێی وتوێژەوە ڕاستی بابەت و مەسەلەو پرسیارە قورسەکانی بۆ ساغ دەکردنەوە و بەرەو زیرەکی و زانینی ڕاستەقینە ئاڕاستەی دەکردن.

تیۆرەکەی سوکرات بریتیە لە تیۆری (زانین) ئەم تیۆرە جەخت لەسەر دو جۆرە شت زانین دەکاتەوە، جۆری یەکەمیان = زانینێکە دڵنیای لێناکرێ و جێگای گومانە، جۆری دوەمیان = زانینی ڕاستەقینەیە کە هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی عەقڵدایە و هیچ گومانێکی لێناکرێ.

هەروەها ڕێبازەکەی سوکرات کە مۆرکی تایبەتی سوکراتی دانای پێوەدیارە بەسێ قۆناغ تێپەڕیوە و هەر یەکێک لەم قۆناغانە خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە و، هەرسێکیشیان توند و تۆڵ بەیەکترەوە بەستراون.

یەکەم : خۆناسین ئەمەش دروشمی سەر دەرگای پەرستگای (دیلفی)بو، بریتیبوە لەم ڕستەیە یاخو لەم گوزارشتە (خۆت بناسە)، سوکراتیش هەر لەسەرەتاوە کردویەتی بە سەر مەشقی ژیان و بیر و باوەڕ و فەلسەفەکەی لەو باوەڕەدابوە نەزانین یەکەم هەنگاوە بەرە و زانین و، پێویستە خۆمان بناسین ئینجا هەوڵبدەین بۆ ئەوەی شتیتر بزانین.

دوەم : پرسیارکردن و هەڵسوڕاندنی گفتوگۆ و دەمەتەقێ و وتوێژەکە و ، لە دواجاردا گەیشتنە ئەنجام، کە بریتیبوە لەساغ کردنەوە نەزانینی خەڵکانێک، کەچی لەگەڵ ئەم نەزانینەشیان دانیان بە نەزانینی خۆیان دانەدەنا و، بگرە لەسەریشی سوربون و پێداگریشیان لەسەر دەکردەوە، لە هەمان کاتدا لاف و گەزافی ئەمەشیان

لێدەدا کە شت دەزانن، بەڵام سۆکرات لە یەک شت بەو لاوە هیچیتری نەزانیوە و دانی پێداناوە و وتویەتی من تەنها یەک شت دەزانم ئەویش ئەوەیە (کەهیچ نازانم).
سێیەم : زگماکی زانین بە باوەڕی سۆکرات هەمو ئادەمیزادێک لە ناخەوە ڕاستەقینە (هەقیەتی) تەواو دەزانێ و دەتوانێ بەهۆی یارمەتیدان ئەم ڕاستەقینانە بهێنێتە دەرەوە و بیان زانێت، بۆ نمونە ئەگەر نەخوێندەوارێک بهێنین و پرسیاری لێبکەین و یارمەتی بدەین ئەوا دەتوانێت گرنگترین تیۆری زانستیانە چارە بکات یاخود شیکاری بۆ بکات، جا بۆیە سۆکرات لەو باوەڕەدابوە کە (منداڵ لەدایک دەبێت، هەمو جۆرە زانین لە ناخیدا هەیە، تەنیا پیویستی بە تۆزێ یارمەتی هەیە تاوەکو ئەم زانینانەی بیر بکەوێتەوە.)
سوقرات کە یەکەم کەس بووە ڕەخنەی ئەدەبی لە بەرهەمی ئەدەبی جودا کردۆتەوە و باس لەوە دەکات کە شاعیران نەدانان و نەزانان ، بەڵکو درۆزنن و دوورن لە ڕاستییەوە و پێیوایە شاعیران بێ ئەوەی پێیبزانن قسەی باش و خراپ دەکەن، بەپێی فەلسەفەی سوقرات سێ جیهان بوونیان هەیە، ئەوانیش:
١. جیهانی ئایدیا ( نموونەیی)، کەتەنیا لای خواوەند هەیە و شتەکانیش نمونەیین.
٢. جیهانی هەستی: وینەیەکی جیهانی یەکەمە.
٣. جیهانی سیبەر: جیهانی شاعیران و نووسەران کە وێنەیەکی جیهانی دووەمە. بەم پێیەش هونەرمەند سی هەنگاو لە ڕاستی دوورە.

## ئەفلاتون ( ٤٢٧-٣٤٧ پ.ز )

ئەفلاتون فەیلەسوف و بلیمەتێکە لە بلیمەتەکانی هەرە گەورەکانی دونیا، دۆست و دوژمنانی دەستی ڕێزلێنانی بۆ بە سینگەوە دەگرن. لەساڵی ٤٢٧پ.ز، لە خیزانیکی خانەدان و دەست ڕۆیشتو لە شاری ئەسینا هاتۆتە دونیاوە، لە تەمنی (٢٨) ساڵیدابو کە سۆکراتی مامۆستای ژەهر خواردکرا، فرمانی مردنی بەسەردادرا، تەنیا ئەوەندە بەسە بڵێین ئەفلاتون قوتابی سۆکراتی دانا و، مامۆستای ئەرەستۆی زانابوە.
لەبەر ئەوەی ئەفلاتون ڕۆڵەی خیزانیکی دەست ڕۆیشتوبوە لە باشترین قوتابخانەی سەردەمی خۆیدا خوێندویەتی و، ئەو قۆناغەی تیایدا ژیاوە زنجیرەیەک گۆران و گیر و گرفتی سیاسی تیایدا ڕویداوە، کەس و کاریشی لە پارتی ئۆرستوکراتدا کە ئەوسا کە لەسەر حوکمبوە پلە و پایەی بەرزیان هەبوە، جا ئەگەر سۆکراتیش و مردنەکەی بخەینەوە سەر دو هۆیەکەیتر ئەوا ئەم سێ دیاردانە کارێکی گەورەیان لە دروستکردنی کەسایەتی ئەفلاتوندا کردوە.
لە کاتی لاوێتی ئەفلاتوندا پارتی ئۆرستۆکرات حوکمی دەکرد خوێنێکی زۆری بە ناحەق ڕشت، ڕژێمی دیموکراسی ئەوسای یۆنانیش دادپەروەرترین کەسی لەناو برد کە سۆکراتبو، ئەمانەش وایان لە ئەفلاتون کرد کە لە کار و باری ڕۆژەنەیدا بەشدارنەبێ و زۆربەی ژیانی بۆ بیرکردنەوە و دانانی نەخشەیەک یاخود ڕێگەیەک تەرخان بکات، تاوەکو بتوانێ بەهۆیەوە ڕژێمێکی سیاسی بۆ فەرمانڕەوای ولاتەکەی دابنێ کە ئاڵای یەکسانی و دادی لەسەردا بشەکێتەوە و ئەویش کتێبی (کۆمار)بو.

ئەفلاتون لەم بەرهەمەیدا ساغی دەکاتەوە کە چاککردنی کۆمەڵ هەر کۆمەڵێکبێت، بەگۆڕینی ڕەوشت و ئاکاری تاکەکەسەکانەوە بەستراوەتەوە.
ئەفلاتون دوای کوژرانی مامۆستاکەی ماوەی دوانزە ساڵ لە نێوان ولاتانی یۆنان و میسر و ئیتاڵیا و سقلیا خەریکی گەشتکردن بوە، جارێکیان لە گەڕانەوەدا بەدیل دەگیرێت و دۆستێکی دەیکڕێتەوە و ئازادی دەکات، لە تەمەنی چڵساڵیدا قوتابخانەیەکی کردۆتەوە و وانەی تێدا وتۆتەوە و، قوتابخانەکەی بە (ئاکادیمیای ئەفلاتون) ناوبراوە و لە تەمەنی (٨١)ساڵیدا کۆچی دوای کردوە.

ئەفلاتون لە ماتماتیک و ئەندازە زۆر شارەزابوە تەنانەت لەسەر دەرگای ئەکادیمیایەکەی نوسیویەتی (هەرکەسێ ئەندازیار نەبی، نابی بێ بۆلامان). ئەفلاتون سەرەرای شانازیکردنی بەپشت و ڕەچەڵەکی و ڕەگەزیەوە، شانازی بەوە کردوە کە خوێندکاری سۆکراتبوە بێ سڵکردنەوە لەم بارەیەوە وتویەتی : خوایە سوپاست دەکەم، چونکە یۆنانیە ڕەگەزم و بەربەرینیم، پیاوم و ئافرەتنیم، بەڵام لەهەمویان پترتر سوپاست دەکەم، چونکە لەسەردەمی سۆکراتدا لە دایکبوم.

**ڕەخنەی ئەدەبی سەردەمی ئەفلاتون:**

**ئەفلاتون لە نوسیننەکانیدا لە شوێنی جیاجیا باسی هونەری شیعری کردووە کە لەسەر شێوەی گفتوگۆ هاتوون لەوانە کتێبی ( ١. گفتوگۆی ئەیۆن، ٢. کۆمار، ٣. یاساکان). بەم پێیە ئەفلاتون کتێبی سەربەخۆی تایبەت نەکردووە بە شیعر و شاعیران، بەڵکو بۆچوونەکانی دەربارەی ئەدەب لە گفتوگۆکاندا وەردەگیرێن. لەگەڵ ئەوشەدا بەشی دەیەمی کتێبی (کۆمار)ی بەتەواوەتی بۆ هونەر و ئەدەب تەرخانکردووەو ئامانجی هەموو باسەکانیشی روونکردنەوەی کاریگەری شیعرە لەسەر رەوشتی هاووڵاتیان، زانایان وای بۆ دەچن کە ئەفلاتون بۆچوونەکانی لەسەرچاوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانی تێدایە.**

**گفتوگۆی ئەیون کە دیالۆگێکە لەنێوان ئەیۆنی شاعیر و ئەفلاتوندا سوقرات بەڕێوەی دەبات، ناوی سوقرات کە ئەفلاتون کەکتێبەکەی هێناوییەتی لەبەر دوو هۆکارە:**

**١. پیرۆزی مامۆستاکەی.**

**٢. بۆچوونەکانی سوقرات بەلایەوە پەسەندە.**

لە کتێبی ئەیۆندا ئەفلاتون باس لە سەرچاوەی شیعر دەکات پوختەی بۆچوونەکەی ئەوەیە کە شیعر ئیلهامە لە خواوەندەوە بۆ شاعیر دەنێردرێت هەروەك چۆن خواوەند وتەکانی خۆی لە رێگەی پێغەمبەرانەوە دەگەیەنێتە خەڵك، کەواتە شاعیر تەنیا گەیەنەرە بەلای ئەفلاتوونەوە چۆن موگناتیسێك توانای راکێشانی حەڵقەیەکی هەیە کایەی موگناتیسی بەحەڵقەکە دەبەخشیٚ بۆ ئەوەی حەڵقەی دووەم بۆ خۆی رابکێشیٚ و بڕێك کایەی موگناتیسیش لە حەڵقەی یەکەمەوە بۆ دووەم و ئەو توانایەی دەداتیٚ کە حەڵقەی سێیەم بۆ خۆی رابکێشیٚ، بەڵام کاری موگناتیسەکە لەوە زیاتر ناتوانێت هیچ حەڵقەیەك بۆ خۆی کێش بکات، ئەفلاتون دەڵیٚ ئەو موگناتیسە تەشبیە دەکریٚ بە خواوەندو خواوەندیش بەهرەی شیعری دەداتە شاعیر و شاعیریش بەهۆی ئەو بەهرەیەوە کاریگەری لە شیعر خوێن دەکات و هێزێکی پیٚ دەبەخشیٚ کە کار بکاتە سەر شیعر دۆست، چۆن کایە موگناتیسییەکە لە حەڵقەی سێیەم کۆتایی هات کاریگەری بەهرەکەش لە شیعردۆست ڕەت نابێت ئەگەر ئەو کاریگەرییە لەسەر شاعیرە بەهەمان شێوەش لەسەر شیعرخۆێن و شیعردۆست بوایە ئەوا زۆربەی خەڵك دەبوونە شاعیر، بەڵام کاریگەرییەکە بەم شێوەیە نییە.

لەم بۆچوونەدا ئەفلاتون راستەوخۆ بۆچوونەکەی سوقراتی هێناوەتەوە کە شیعر ئیلهامە، چونکە مەعریفە نییە و ئەو زانایی و داناییەی هەیە هی خواوەندە . کێشەکە لەنێوان فەلسەفەو ئەدەبدایە و جوانەکان هی خواوەندن.

ئەفلاتون لە کتێبی (گفتوگۆی ئەیۆن) لە ژێر کاریگەری بۆچوونی مامۆستاکەیدایە بۆیە وەك ئەدیبێك بیر دەکاتەوە، بەڵام لە کتێبی (کۆمار)دا وەك فەیلەسووفێك بیر دەکاتەوە کە ئەرکێکی لەسەر شانە، بۆیە بۆچوونەکەی گۆڕاوە، چونکە بەرپرسیارییەتێکی کەوتۆتە ئەستۆ .

لەکتێبی (کۆمار)دا ئەفلاتون کۆمارێکی نموونەیی دادەمەزرێنیٚ و میللەتی یۆنان پۆلین دەکات و هەرکەس بەپێی ئەرکەکەی شوێنێکی بۆ دیاریدەکات، بەڵام کە دەگاتە شاعیر و هونەرمەند هیچ ئەرکێکیان بۆ دیاری ناکات، چونکە بە بۆچوونی ئەو شاعیر و هونەرمەندان هیچ ئەرکێك نابینن کە ئەرکیش نەبینن لە کۆمارەکەی ئەودا شوێنیان نابێت، چونکە شوێنەکان بەپێی ئەو ئەرکەی کە کەسەکە دەیبینیٚ دەست

**نیشان دەکرا، بۆیە بڕیار دەدات لە کۆمارەکەی خۆی بیانکاتە دەرەوە، ئەفلاتون لەم بۆچوونەیدا لەسەر چوار بنەما  ئەو بڕیارەی داوە:**

**یەکەم: لاسایی کردنەوە: ئەفلاتون سێ جیهان دەستنیشان دەکات کە هەمان رەنگدانەوەی سوقراتی لەسەرە ، ئەوانیش :**

**١. جیهانی ئایدیا ( نموونەیی):جیهانێکی نەگۆڕە و راستییەکان و هزر و چەمکە روونەکان لەخۆ دەگرێت.**

**٢. جیهانی هەستی: وێنەیەکی جیهانی نموونەییە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە هەستیان پێ دەکەین وەك (دار، بەرد ، دەرخت....تاد).**

**٣. جیهانی سێبەر: جیهانی شاعیران و نووسەران جیهانێکی لاساییکەرەوەیەو لاسایی سروشت دەکاتەوە و سروشتیش لاسایی جیهانی نمونەیی دەکاتەوە، واتە لاسایی لاساییکەرەوە.**

**ئەفلاتون دەڵێ : خواوەند لە جیهانی نموونەییدا هەموو ئەو شتانەی دروستی کردوون نموونەیین و بۆ هەر شتێك تەنیا یەك دانەی دروستکردووە کە لەهەموو روویەکەوە تەواوەو کەموکوڕی نییە، دارتاش (دروستکەر) لەرێگەی بیرکردنەوە دەگاتە ئەو مێزە و بڕیار دەدات بۆیە بڕیار دەدات مێزێکی وەك ئەو دروست بکات، بەڵام کە دروستی دەکات وەکو ئەو مێزە نموونەییە دەرناچێت ، بۆیە یەکێکی دیکە دروست دەکات ، ئەویش وەکو نموونەییەکە نییە، لەنێوان هەردوو مێزەکە بیرۆکەی سێیەم دروست دەبێت و مێزی جۆراجۆر دروست دەبن کە لەلاساییکردنەوەی مێزە نموونەییەکە بووە و واتە ئەو مێزەی کە دارتاش دروستی کردووە وێنەیەکی ساختەی ئەو مێزەیە کە خواوەند لە جیهانی نموونەیی دروستی کردووە ، شاعیریش کاتێك مێزەکەی دارتاش دەبینێ لاسایی دەکاتەوە و وێنەیەکلای ئەو مێزە دەکێشی، بەڵام شاعیر یان هونەرمەند لە گۆشەیەکەوە وێنەکەی دەکێشێ، بۆیە ئەو وێنەی کە کێشاویەتی وێنەیەکی ناتەواوی ئەو وێنەیەیە کە دارتاش دروستیکردووە. لەم چوارچێوەیەشدا ئەفلاتون پێیوایە کە هەموو کارێکی لاساییکردنەوە خەڵەتاندنە و راستی تێدا نییە، بۆیە هونەرمەند و شاعیران دوو هەنگاو لە راستی دوورکەوتوونەتەوە. بەو واتایەی ئەو مێزەی خواوەند کە دروستی کردووە نموونەییە و راستەقینەیە. دروستکەر لاسایی خواوەندی کردۆتەوە و وێنەیەکی ساختەی شێواوی دروست کردووە**

هونەرمەند لاسایی دروستکەری کردۆتەوە و وێنەیەکی شێواوی ئەو مێزەی کێشاوە کە لە جیهانی هەستی دایە. بۆیە هونەرمەند دەبێتە لاسایی لاساییکەرەوە و هەموو کارێکی لاسای کردنەوە بیت خەڵەتاندنە و حەقیقی تێدا نییە ، چونکە لەرێگەی هەستەکانەوە لاسایی دەکەینەوە هەستەکانیش هەڵخەڵەتێنەرن ، بۆنموونە پەرداخێك ئاو بێنە دارێك بخە ناوی سەیر دەکەین دارەکە بەخواری دەردەکەوێت کە لەحەقیقەتدا خوار نییە ن کەواتە چاو هەڵخەڵەتینەرەو شاعیر و هونەرمەندیش کەلەسەر بنچینەی هەستەکان لاسایی دەکەنەوە کارەکانیان دوورە لەڕاستی و هەڵخەڵەتێنەر بۆیە هونەرمەند دوو هەنگاو لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە.

دووەم : زانیاری: بە بۆچوونی ئەفلاتون شاعیران هیچ زانیارییەکیان نییە دەربارەی ئەو بابەتانەی کە باسیان دەکەن. دەڵێ (هۆمیرۆس) باسی شەڕمان بۆ دەکات، بەڵام هیچ شتێك لە تەکنیکی سەربازی و پلانی شەڕ نازانێ. باسی پزیشکیمان بۆ دەکات، بەڵام کتێبێکی لەبارەی بنەماکانی پزیشکی بۆ جێ نەهێشتووین تاکو سوودی لێ ببینین. کەواتە بە بۆچوونی ئەو شاعیران و هونەرمەندان هیچ زانست و زانیارییەکیان نییە، بۆیە هەردەم گەڕۆکن و لەهیچ جێیەك ناگیرسێنەوە کاتێك دەچنە شارێك دەست بە شیعر خوێندنەوە دەکەن خەڵك لێیان کۆدەبێتەوە، بەڵام پاش ماوەیەك خەڵکەکە بەرە بەرە جێیدێڵن و تا وای لێ دێت پاش سێ ڕۆژ مانەوە لەو شارە کەس لەدەوری خۆیان نابیننەوە ، بۆیە سەری خۆیان هەڵدەگرن و بە ناچاری بەرەو شارێکی دیکە بەڕێ دەکەون.و بەم جۆرە ئەگەر زانست و زانیارییان هەبوایە و سودیان بەخەڵك بگەیاندایە ئەوا خەڵکی شارەکە دەستبەرداریان نەدەبوون و نەیاندەهێشت بڕۆن، بەڵام چونکە سوودیان نییە کەس داوای مانەوەیان لێ ناکات. ئەفلاتون دەڵێت: شاعیر زۆر دوورە لە عەقڵ بەمەش دوورە لە حەقیقەت کە بەباڵاترین مەبەست دادەنرێن. بۆیە شوێنێ ئەدەب و هونەر بە بۆچوونی ئەو بەپێی بڕی ئەو زانیارییە کە پێشکەشی دەکەن کە هیچ زانیارییەکیشیان نەبێت وەك ئاماژەمان پێکرد ئەوا لە کۆمارەکەی ئەودا جێیان نابێتەوە.

سێیەم : ڕەوشت: یەکێکە لەو لایانانەی کە ئەفلاتون زۆر بایەخی پێداوە، چونکە بە بۆچوونی ئەو شیعر کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشتی هاوولاتیان هەیە. لێرەدا بوارێکی دیکە دەگرێتەوە بەر وەك هۆکارێك بۆ دەرکردنی شاعیران و هونەرمەندان ئەویش ئەوەیە شیعر رووددەکاتە هەست و سۆز لەبری ئەوەی ئەرکی

**شیعر وشکردنی سۆزەکان بێت، کەچی بە ئەرکێکی پێچەوانە هەڵدەستێت ئەویش ورووژاندنی‌ن هەست و سۆزی خەڵك و گڕتێبەردانییەتی. بەمەش لە بەکارهێنانی عەقڵ دووریان دەخاتەوە و وایان لێدەکات روو بکەنە سۆز. بە بۆچوونی ئەو شیعر کاریگەری لەسەر سۆزی مرۆڤدا هەیە کە لایەنێکی نزمە، بینینی دراماکان کاریگەری لە سۆز دەکات و ترس و بەزەیی دەرووژێنیٚ. ئەو ترسەش لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدا مرۆڤێکی ترسنۆکی ڕاڕای بیٚ هەڵوێستی لیٚ دەردەچێت بە بەردەوام بوونی کات کۆمەڵگەیەکی ترسنۆك دروست دەبیٚ کە توانای بەرگریان لە خاکەکەی خۆیان نییە. واتە شیعر دەبێتە مایەی خراپ بوونی ڕەوشت ئەمەش کەس پێی رازی نابێت و دەبێتە هۆیەك لەلای ئەفلاتون بۆ دەرکردنی شاعیران لە کۆمارەکەی.**

**چوارەم : ئیلهام: لێرەدا ئەفلاتون باس لە سەرچاوەی شیعر دەکات و پێی وایە شاعیران ئەو قسەیەی کە دەیکەن هی خۆیان نییە و پشت بە خۆیان نابەستن ، بەڵکو پشت بە ئیلهام دەبەستن خواوەندی شیعر ئیلهامیان پیٚ دەبەخشیٚ ئەویش لەرێگەی شیعرەکەیەوە ئەم کایە موگناتیسییە بۆ جەماوەر دەگوازێتەوە. شاعیران وەکو نافوورەن ئەوە دەپرژێنن کە بۆیان دێت، بۆیە ناتوانن زاڵ بن بەسەر ئەو قسانەی کە دەیکەن بەهۆی ئەو سروشت و ئیلهامەی کە بۆیان دێت، بۆیە نابێت بەرابەری راستی‌ت و ڕەوشت دابنرێن، بەڵکو لە راستیدا شێتن و لەبەرپرسیارێتی بوردراون.**

هەرچەند ئەفلاتون دان بە ئەفسونی شیعر ئەنیٚ لەگەڵ ئەوەشا ئیدانەی شیعر و شاعیران ئەکا جارێک بەناوی #ڕەوشت و جارێکیتر بەناوی #حەقیقەت، شاعیران ڕەوشتی خەڵک تێک ئەدەن بۆیە لە کۆمارەکەی خۆی دەریکردون، بەڵام ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی ڕەها نیە، چونکە هەمو شاعیران ناگرێتەوە، ڕێگەی بەهەندیٚ #شاعیرداوە و هەندیٚ شیعری پەسەند کردوە بەتایبەت ئەو شیعرانەی کە لەبارەی پاڵەوانەکان و خواوەند و ناودارەکانن *مەرجێکیتر ئەوەیە شاعیر نابیٚ هیچ شتیٚ بڵیٚ کە پێچەوانەی دەستوربیٚ * هەر شتیٚ بنوسیٚ، پێش ئەوەی بە کەسی پیشان بدات دەبیٚ قازی و یاساپارێزان بیبینن، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەفلاتون بیرۆکەی هونەر بۆ هونەری ڕەتکردۆتەوە و بانگەشەی هونەرێکی ڕەوشتی و ئاکاری ئەکا، کە پەیوەستبیٚ بە شەرع و دەستورەوە * ئەفلاتون شیعرە ئاینیەکان پەسەند ئەکا * تەنیا ئەو شاعرانە بە شاعیر دەزانرێن کە خۆیان باشبن و مایەی شانازی وڵاتەکەشیانبن * شیعر هۆنینەوە لە پێناوی پیٚدا هەڵگوتنی #یۆنانیە بە ئەمەکەکان بی

* شاعیر دەبیٚ پشتیوان و پارێزەری شار و وڵاتەکەیانبن دەنا لە ماڵ و حاڵ و شاریان دەردەکرێن

* دەبێ ئەم پسپۆڕانە و کار و دەستکردیان (کە شیعرە) بە وردی بکەونە ژێر چەقۆی #سانسۆرەوە *داستان بە باشتر ئەزانێ لە دراما (تراژیدیا) چونکە داستان سۆزی سەرسامبون سەرسوڕمانبون بە پاڵەوانەکان دەوروژێنێ، بەڵام تراژیدیا سۆزی ترس و بەزەی دەوروژێنێ، لە ئەنجامی ئەمەشدا خەڵکی لاواز و ترسنۆک و ڕاڕا ئەبن. ئەفلاتون یەکەم کەسە کە (ڕەخنەی ڕەوشتی) لە (ڕەخنەی ئیستاتیکی) جیا کردۆتەوە گرنگی بە یەکەم داوە و بایەخێکی ئەوتۆی بە دوەم نەداوە، ئەویش بە کاریگەری ئەدەب و هونەر لەسەر ئاکار و هەڵسوکەوتی هاوڵاتیان ئەم کاریگەریەش شتێکی خراپ و بێ کەڵکە بۆیە بڕیاری دەرکردنیان ئەدا، یاخود ئەڵێ : ئەبێ چاودێری کار و بەرهەمەکانیان بکرێ، لە کۆتایشا ئەتوانین بڵێین ئەفلاتون هیچ پلە و پایەیەک با شاعیر نادا بە بەراورد لەگەڵ پیاوانی حکومەت و یاسا.

**ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز):**

هەرچەندە ئەفلاتون بە تیۆر داڕێژەری ئەدەب و هونەر دائەنرێت، لە مێژودا، بەڵام ئەرستۆی قوتابی توانی یەکەم کتێبی ڕەخنەی دابنێ لە مێژودا، ئەویش پۆیەتیکایە یاخود هونەری شیعر، پشتی بە بۆچونەکانی مامۆستاکەی بەست، بەڵام ئةو زياتر لة ئةدةبي سةردةمةكةى خؤي كؤلَيوةتةوة وزياتر تيَطةيشتووة و بةضاويَكى بةرز سةيرى ئةدةبى كردووة،. ئەرستۆ لە ١٧ ساڵی تاکو ٣٧ ساڵی قوتابی ئەفلاتون بوە، لە دوای مردنیدا ئەکادیمیایەکەی جێ هێشت، پۆیەتیکا وەڵام دانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی بیر و بۆچونەکانی ئەفلاتونە، هەرچەندە بە شێوەیەکی وا ناوی نەهێناوە، جێگەی ئاماژەپێ کردنە، کە کتێبی پۆیەتیکا بۆ زیاتر لە دو هەزار ساڵ عەقڵی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپی کۆنترۆڵ کرد، بوە بنچینەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ئینگلیزی و ڕەخنەی کلاسیکی ئەوروپی هەتاکو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، بۆیە مێژونوسانی ڕەخنەی ئەدەبی پۆیەتیکا بە گرنگترین کتێب لە مێژوی تیۆردا دادەنێن. ئەرستۆ بە یەکەم کەس دادەنرێت کە هەوڵێکی بەرنامەداری ڕێکی هەیە لە مێژوی تیۆری ئەدەبدا، هەندێ بوچونە ڕەخنەیەکانی بۆ ئەمڕۆش بەکاردێن، لە چارەسەرکردنی هەندێ ژانری ئەدەبیدا. هەندێ لە بەشەکانی کتێبی هونەری شیعر فەوتاوە، ئەو بەشانەی کە بەدەست گەیشتوە تراژیدیا و داستان دەگرێتە خۆ، لە چوارچێوەی ئەمانەدا دەتوانرێت بنەما تیۆریەکانی سروشتی ئەدەب و ئەرکەکەی هەڵێنجێندرێت. دەتوانرێت بوترێ تیۆری لاسایکردنەوە زیاتر پەیوەستە بە ئەرستۆوە وەک لە ئەفلاتون، ئەویش لەبەر گرنگی ئەو بنەما تیۆریانەی کە ئەرستۆ لە پۆیەتیکادا خستویەتیەڕو.

ئەگەر ئەفلاتون لە بنچینەوە لە دوتوێی گرنگیدانەکانی بە توێژینەوە لە بون و زانیاری و ڕەوشتدا باسی شیعری کردبێ، ئەوا ئەرستۆ نوسینە فەلسەفی وزانستیەکانی، گەلێ لە بۆچونە ئیستاتیکیەکانیش دەگرنە خۆ،

سەرەڕای کتێبەکەی هونەری شیعر، ئەمەش گرنگی شیعر لە لای ئەرستۆ دەگەیێنێ، هەروەها جیاوازی هەڵوێستی لەبەرانبەر شیعردا لە هەڵوێستی ئەفلاتون بەرانبەر بە شیعردا دەگەیێنێت.
ئەرستۆ لە دوتوێی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ژانرە ئەدەبیەکانی سەردەمی خۆی هەوڵیداوە ئەو چەمکە تیۆریانە هەڵێنجێنێ کە پەیوەستن بەسەرهەڵدان و سروشت و ئەرکی ئەو ژانرە ئەدەبیانە.

## هەندێك لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ:

ئەرستۆ وای بۆ ئەچێ شیعر لاسایکردنەوەیە، هەمان زاراوەی مامۆستاکەی بەکارهێناوە و بەدەستکاریکردنەوە، بەڵام چەمکێکی تازەی پێ بەخشیوە جیاوازە لە چەمکەکەی ئەفلاتون، کەوا ئەبینێ شیعر لاسای لاسایکەرەوەیە، ئەمەش ئەبێتە وێنەی ساختەی شێوێنراوی جیهانی نمونەی، یاخود حەقیقەتی تەواو. بةلآم ئةرستؤ كة دةلَيَ شيعر لاسايي كردنةوةية، دةطةرِيَتةوة بؤ دوو شتى ضةسثاو لةسروشتى ئادةميزاددا ئةوانيش :

١ـ غەریزەی لاسایی کردنەوە.

٢ـ چێژ وەرگرتن لەلاسایی کردنەوە.

غەریزەی لاسایی کردنەوە هەر لەسەردەمی منداڵییەوە لەلای مرۆڤ دروست دەبێت و جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ گیانلەبەرانی دیکە ئەوەیە کە مرۆڤ لەهەموو گیانلەبەران زیاتر لاسایی دەکاتەوەو چێژ لەو لاسایی کردنەوە وەردەگرێت، چونکە لە رێگەی لاسایی کردنەوە شتەکان فێر دەبێت. بۆیە بە بەردەوامی لاسایی دەکاتەوە و فێربوونی ههەر شتێکی تازە خۆشییەکی پێ دەدات.

ئەگەر شیعر بنەماکەی لاساییکردنەوەیە و ئەو غەریزەیەش لەلای هەموو مرۆڤێك هەیە بۆ هەموو خەڵك نابن بە شاعیر؟ئەرستۆ لەوەلآمدا دەڵێ: راستە شیعر لاسایی کردنەوەیە و ئەو غەریزەیەش لەلای هەموو مرۆڤێك هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی ئەو غەریزەیە پەروەردە دەکەن و گەشەی پێدەدەن بە شاعیر ئەوانی تر کە غەریزەکەیان پەروەردە ناکەن وەکو خۆیان دەمێننەوە و نابن بە شاعیر غەریزەکەیان لە ئاستی خۆی دەمێنێتەوە.

لە باسی لاساییکردنەوەدا ئەرستۆ دەڵێت: شاعیر کە لاسایی دەکاتەوە لاسایی کەسایەتییەکان ناکاتەوە، بەڵکو لاسایی کردەوەکانی مرۆڤ دەکاتەوە و مرۆڤیش بە پێی کردەوەکانیان دوو جۆرن (باش و خراپ) شاعیر کە لاسایی دەکاتەوە بە سێ جۆر لاسایی کردەوەکان دەکاتەوە:

١ـ لاسایی کردنەوەی کردەوەکان باشتر لەخۆی: کە دەبێتە مایەی دروست بوونی شیعری تراژیدیا.

**٢ـ لاسایی کردنەوەی کردەوەکان وەکو خۆی: دەبێتە مایەی دروستبوونی شیعری داستان.**

**٣ـ لاساییکردنەوەی کردەوەکان خراپتر لەخۆی: دەبێتە مایەی دروستبوونی شیعری کۆمیدی.**

**بۆیە بەلای ئەرستۆوە باشترین شیعر تراژیدیایە کە چی لەلای ئەفلاتون خراپترین جۆری شیعرە.**

**شاعیر لاسایی سروشتیش دەکاتەوە و بەبۆچوونی ئەفلاتون شاعیر کە لاسایی سروشت دەکاتەوە وەکو ئاوێنەیەك وایە وێنەکان وەکو خۆی دەگوازێتەوە، بەلام لەبەر ئەوەی رووکەشن ناتەواو و ساختەن، کەچی ئەرستۆ دەڵێ: شاعیر کە لاسایی سروشت دەکاتەوە وێنەکان دەقاودەق وەکو خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو دەسکاریان دەکات واتە گۆڕانکارییان تێدا ئەنجام دەدات بەم گۆڕانکارییەش کەم وکورتییەکانی سروشت پڕ دەکاتەوە. واتە شاعیر وێنەی سروشت جوانتر لە خۆی دەکێشێ بەمەش داهێنان ئەنجام دەدات.**

هەروەها ئەرستۆ پێی وایە نوسەر کاتێک لاسای ئەکاتەوە، تەنیا شتەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو دەستکاریشیان ئەکات، لەمەش زیاتر تێ ئەپەڕێ کاتێک ئەڵێ: شاعیر تەنیا لاسای ئەو شتانە ناکاتەوە کە هەیە، بەڵکو لاسای ئەو شتە ئەکاتەوە، کە لەوانەیە ببێت، یاخود بە پێی پێویستبون و گریمانەی. هونەرمەند کاتێ وێنەی دیمەنێک ئەکێشێ دەبێ لە خۆی جوانتری بکێشێ، نەک پەیوەست بکرێ بەوشتانەی کە لەناو دیمەنەکەدا بونیان هەیە، ئەرستۆ جەخت لەوە ئەکاتەوە سروشت کەموکوڕی و کەلێن و درزی تیدایە هونەر یاخود هونەرمەند ئەمانە پڕئەکاتەوە، بۆیە بەبۆچونی ئەو شیعر شتێکی نمونەیە و فۆتۆکۆپی دەقاودەقی ژیانی ئادەمیزادنیە، هەروەها شیعر بە نرختر و بەهاتر ئەبێ، ئەگەر لاسای شتێکی کردەوە، کە لەوانەیە ببێت.

ئەوەی خرایە ڕو چەمکی تازەی لاسایکردنەوەیە لەلای ئەرستۆ، بۆ ئەوەی زیاتر ڕونی بکەینەوە دەڵێین: (ئەفلاتون دانی بە ئەفسونی شیعرناوە، ئەویش لە کێش و ڕیتم و ئاوازەکەیدایە، بەڵام ئەرستۆ بڕیار ئەدات، کەئەوەی شیعر دروست ئەکا کێش و مۆسیقا نیە، بەڵکو ڕەگەزی لاسایکردنەوەیە)

لیرەدا پرسیارێ سەر هەڵ ئەدا، باشە گەر وایە بۆ ئەرستۆ سورە لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی لاسایکردنەوە و شاعیر بە لاسایکەرەوە دادەنێت؟ مێژونوس و نوسەری زانست و بوارە جیاجیاکانیتر (لاسای ئەو بابەتانە ئەکەنەوە، کەبونێکی جەوهەریان هەیە دەبێ لاسایەکەیان دەقاودەقی واقیعەکەبێ)، بەڵام شاعیر ناکەوێتە ژێر ئەم کۆت و بەندەی لاسایکردنەوە، ئەرستۆ بۆیە شاعیر بە سانیع واتە دروستکەر ئەزانێ، هەندێ شت دروست ئەکات، کە لەپێشدا هەرگیز نەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا لاسایکەرەوەیە بەو واتایەی ئەو شتانەی دروستی ئەکات بە لەیەک چونی ئەوشتانەیە، کە لەبوندا هەن.

## سروشتی فەلسەفی شیعر

ئەفلاتون ململانێی نێوان شیعر و فەلسەفە بەرجەستە ئەکات و، بە ئاشکرای خۆی ئەداتە پاڵ فەلسەفە. کەچی ئەرستۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەداتەوە و جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە، کە ئەو ململانێیە لە نێوان شیعر و فەلسەفە بونی نیە و شتێکی دروستکراوە، لە هەمان کاتدا سروشتی فەلسەفی شیعر ڕوندەکاتەوە.

ئەرستۆ ئەڵێ: (شاعیر ئەوەنیە کە باسی ئەو شتەبکا کە ڕویداوە، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە باسی ئەو شتە بکات کە ئەشێ ڕوبدە، ئەویش بۆیە ئەشێ ڕوبدا، چونکە ڕودانەکە لە هەڵ و مەرجێکی تایبەتیدا، یان شتێکی شیاوە، یان شتێکی پێویستە) جیاوازی شاعیر ومێژونوس ئەوەنیە، کە یەکێکیان بە پەخشان ئەنوسێ و ئەوەیتر بە شیعر، بەڵکو جیاوازیەکە لەوەدایە یەکێ باسی شتێ ئەکات، کە ڕویداوە و ئەوەیتر باسی شتێ ئەکا، کەلەوانەیە ڕوبدا هەر بۆ ئەم مەبەستەش شیعر بەبەراورد بە مێژو فەلسەفیتر و بەهادارترە بەم پییەش کێش و ئاواز خاسیەتی بنچینەی شیعرنین، بەڵگەش نوسینەکانی (هیرۆدۆتس)ە، گەر بەکێش و ئاوازیش بهۆنرێتەوە یاخود هۆنرابێتەوە هەر شیعرنیە، لەکاتێکدا کێش و ئاوازیشی هەیە، بەڵام بە شیعر دانانرێت.

بە لای ئەرستۆوە شیعر لاسای ئەو شتانە ئەکاتەوە کە لەوانەیە ڕوبدات، یان پێویستە ڕوبدەن بەپێی پێویستبون و گریمانەی. واتە لاسای تایبەت و پاژەی(بەشێک) و ئەوشتە ناکاتەوە کە بەڕاستی ڕویداوە.

## سەرهەڵدانی شیعر و سەرچاوەی چێژ

ئەفلاتون شیعری پەیوەستکرد بە هێزێک لە دەرەوەی سروشتی ئادەمیزاد کاتێک سەرچاوەی سەرهەڵدانی شیعری بە ئیلهام و سروش بەستایەوە، کەچی ئەرستۆ ئەمەی بەتەواوەتی ڕەتکردەوە لەم بارەیەوە گوتی: (هاندەری مرۆڤ بۆ وتنی شیعر پەیوەستە بە سروشتی ئادەمیزادەوە. ئەوەی وادەکات شیعر لەدایک بێ ئەوەیە مرۆڤ بە ڕەمەک(غەریزە)حەز لە لاسایکردنەوە ئەکات و بە ڕەمەکیش حەز لە کێش وڕیتم ئەکات) لاسایکردنەوە غەریزەیەکی ئادەمیزادە و، ئادەمیزاد فرچکی بە ئاواز و ڕیتم گرتوە، بەمەش ئەرستۆ فەلسەفەی هونەر و ئەدەبی هەنگاوێکی مەزن بردە پێشەوە، کاتێ، کە شیعر و سروشتی مرۆڤی بە پەیوەندیەکی بە تینەوە بەیەکترەوە بەستەوە. واتە شیعری بەدیاردەیەکی مرۆڤایەتی دانا، ئەمەش گەلێ ئەنجامی گرنگی لێ دێتە ئاراوە.

ئەگەر بڵێین شیعر سەرچاوەکەی وەحی و ئیلهامە، واتە شیعر بۆ سەرچاوەیەکی شاراوە ئەگەڕێتەوە. واتە گوزارشتە لە هێزێک، کەهیچی لێ نازانین و، نازانین ئامانجەکەی چیە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەرستۆدا بڵێین

شیعر دیاردەیەکی مرۆڤایەتیە ئەوە ئەگەینە ئەوەی شیعر بەشێکە لە چالاکیەکانی مرۆڤ، کە دەتوانرێ لێی تێبگەی و شی بکەینەوە لە هەمان کاتدا ئەرکەکەی بزانین.
ئەرستۆ ئەڵێ: (غەریزەی لاسایکردنەوە لەلای مرۆڤ لە منداڵیەوەیە، لاسایکردنەوە هۆکارێکە بۆ فێربون و وەرگرتنی زانیاریەکان، دیارە وەرگرتنی زانیاریەکانیش بەرەو چێژ وەرگرتن دەمانبات، ئەگەر شیعر شێوەیەک بێ لە لاسایکردنەوە، کەواتە چێژێک ئەبەخشێت و، بەرەو فێربونمان ئەبات) نمونەی جێژ

## ئەرکی شیعر بە لای ئەرستۆوە

ئەرستۆ وەسفی کاریگەری ئەرکی ئەدەبی ئەکا لەسەر خوێنەران، وەسفەکە تەنیا لەسەر کاریگەریەکە ناوەستێ لە کاتی خوێندنەوەدا، بەڵکو هەوڵ ئەدات وەسفی ئەو کاریگەریەبکات، کە لەدوای وەرگرتنی دەقی ئەدەبیدا ئەمێنێ.
ئەرستۆ بە یەکەمین ڕەخنەگر دائەنرێت، کە باسی لە چێژ وسود کردبێت. ئەفلاتون و ئەرستۆ لەسەر ئەوە کۆکن، کە تراژیدیا ترس و بەزەی گەشە پێ ئەکات، لەدوایدا لەیەک جیائەبنەوە ئەفلاتون لەبەر ئەم گەشەکردنەی ترس و بەزەی تراژیدیا ڕەت ئەکاتەوە، بەڵام ئەرستۆ بەبەرزترین هونەری جۆری شیعری لە قەڵەم ئەدات، لەبەر هەمان هۆ ئەفلاتون وا ئەبینێ، کە تراژیدیا سۆزی  بەزەی و ترس گەشە پێ ئەکات و، وائەکات خەڵک لاواز و بێ دەسەڵاتبن، ئەمەش بەوە لێک ئەداتەوە، کە تراژیدیا وا لە نوسەر و ئەکتەر و بینەر ئەکات، کەوا کرداری شەڕ ڕێکبخەن، کە کاریگەری لەسەر ئاکار و ڕەفتاری ڕۆژانەیان ئەبێ.
تراژیدیا وا لە بینەر ئەکات کە زیاتر خەمبار و ترسنۆک و ئازار بچێژێ، ئەمەش وای لێ ئەکات کە خۆی بداتە دەست سۆز و هەڵچونەکانی، ئەمەش بە پێی خۆی دوری ئەکاتەوە لە بەکارهێنان و پشت بەستن بە عەقڵ، لە ئەنجامدا مرۆڤێکی لاواز دەسازێت. بەلای ئەفلاتون هاوڵاتی بەهێز ئەوەیە، کەبەرەو بانگەوازی عەقڵ هەنگاو بنێ نەک بەرەو سۆز.
ئەو مرۆڤەی کە ڕۆڵەکەی لە دەستداوە لەبەردەم خەڵکی خۆی بەتواناو بە ئارام پیشاندەدات، بەڵام کە تەنیا مایەوە دەیداتە پرمەی گریان و خۆی ئەداتە دەست سۆز. لە هەڵوێستی یەکەمدا بەهێزە، چونکە بەرەو بانگەوازی عەقڵ چوە، کەچی لە هەڵوێستی دوەمدا لاواز و بێ دەسەڵاتە، چونکە وەڵامی بانگەوازی سۆزی داوەتەوە. ئەرستۆ باوەڕی وایە کە تراژیدیا سۆزی بەزەی و ترس پێ دەگەیێنێ کاریگەریەکەشی لەوە دایە، کەوائەکا بینەر بە هێزتر بێ ئەویش لە ڕێی پاک بونەوە.
زاراوەی پاکبونەوە، کە ئەرستۆ ئاماژەی پێ کردوە، گەلێک لێکدانەوە و ڕاڤەی لە لایەن زانایان و ڕەخنەگران وروژاندوە، بۆ نمونە تازەترین لێکدانەوە و ڕاڤەی ئەمانە ئەوەیە، کە (سۆزی بەزەی) سۆزی مرۆڤە بەرانبەر

به کەسانیتر، (سۆزی ترس)یش سۆزی مرۆڤە بەرانبەر خودی خۆی، بەم مانایەش ئەمانە بنچینەی سۆزی مرۆڤایەتین. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کەواتای پاکبونەوە نابێ خۆ ڕزگارکردن بێت لەم دو سۆزە، بەڵکو مانای گەشەکردنی هاوسەنگی سۆزەکانی تاک بەرانبەر خۆی و کەسانیتر دەگەیێنێت. واتە ئەرستۆ وا دەبینێت، کە هاوسەنگی دەرونی و ویژدانی تراژیدیا لە ڕێی پاککردنەوەدا دروستی دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی هاوسەنگی ڕەوشتی. بەم مانایەش #ئەرستۆ وەڵامی #ئەفلاتونی مامۆستا ئەداتەوە، کەوای بۆ دەچێت شیعر ڕەوشت تێکدەدات، #ئەرستۆ جەخت لەوە ئەکاتەوە کە شیعر ئەرکێکی ڕەوشتی دەبینێت.
هەر چۆنێک بێت ئەرکی شیعر (پاککردنەوە) لە ئەنجامی گەشەکردنی ترس و بەزەی تیشذک ئەخاتە سەر ئەو مەرجانەی کە ئەرستۆ دایناون لە بونیاد نانی ڕوداوەکان و وێنەکێشانی کەسایەتی پاڵەوانی تراژیدیادا.

**تراژیدیا:**

**تراژیدیا دەربڕینی ئەو کردەوانەیە کە شایەنی بایەخ پێدانن و لەناو خۆیاندا تەواو دەبن بەزمانێکی هونەری بەرز و بەشێوەی رووداو نەك گێڕانەوە و لەرێگای سۆزی ترس و بەزەییەوە دەبێتە مایەی پاککردنەوەی دەروون لە سۆزە خراپەکان.**

**مەبەستمان لەوەی کە دەڵێین ئەو کردەوانەن کە شایەنی بایەخ پێدانن وەکو ئەوەیە کە پادشای دوو وڵات بکەونە شەڕەوە و کارەساتێکی ناخۆش بەسەر هەردوو وڵاتەکەدا بێت لەوانەیە یەکێکیان زۆر زەرەری لێ بکەوێ و لە مێژوودا دیار بێت، ئەمەش بایەخی هەیە و شایەنی باسکردنە.**

**لەناو خۆیاندا تەواو بن مەبەستی ئەوەیە ئەو رووداوەی کە پێشکەش دەکرێت نابێ کەموکوڕی هەبێت و بەڵکو سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دیار بێت. رووداو لە تراژیدا چەند رووداوێکە یەك ئەوی دیکە تەواو دەکات بەپێی ریزبەندی وبەهەموویان رووداوە گەورەکە دروست دەکەن، رووداوی یەکەم کە دەست پێدەکات تەواو نابێت رووداوی دووەم دەست پێدەکات رووداوی دووەم دەبێت بە تەواوکەری رووداوی یەکەم. رووداوی دووەم بەردەوام دەبێت و کۆتایی نایەت روووداوی سێیەم دەست پێدەکات ، واتە رووداوی سێیەم دەبێت بە تەواوکەری رووداوی دووەم بۆیە ئەرستۆ دەڵێت لەناوخۆیاندا تەواون.**

**بەزمانێکی بەرز مەبەست لەوەیە زمانی تراژیدیا دەبێ زمانی چینی سەرووی کۆمەڵ بێت بە شێوەیەکی هونەری بابەتەکە بخاتەڕوو جگە لە زمانی چینی سەروو نابێ هیچ وشەو زاراوەیەکی چینی خواروو لە تراژیدیا بەکاربێت، چونکە تراژیدیا ئەدەبی چینی سەرووە.**

بەشێوەی رووداو نەك گێڕانەوە ئەرستۆ دەڵێت: تراژیدیا دەبێ بە شێوەی رووداو لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێ جا ئەو رووداوە هەر چییەك بێت واتە نابێ یەکێ بێ رووداوەکەمان بۆ بگێڕێتەوە ، بەڵکو دەبێ بەشێوەیەکی زیندوو لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێ.

لەرێگەی رووژاندنی ترس و بەزەیی دەبێتە مایەی پاکبوونەوەی دەروونی لە سۆزە خراپەکان ئەرستۆ دەڵێت: کاتێك رووداوێکی دڵتەزێن لەسەر شانۆ دەبینێت دەبێتە مایەی ورووژاندنی ترس و بەزەیی ، ترسەکە لەبەر ئەوەیە بینەر کە دیمەنەکە دەبینێ ترسێکی زۆر دایدەگرێ نەوەك رۆژێ لە رۆژان چارەنووسی ئەو وەکو چارەنووسی کەسایەتی رووداوەکە بێ، بەزەییەکەش لەبە ئەوەیە کە کەسایەتییەکە کە رووداوەکەی بەسەر هاتوە، کەسایەتییەکی بێ گوناهە بۆیە بینەر بەزەیی پێدا دێتەوە ئەو ترس و بەزەییە بە بۆچوونی ئەرستۆ دەبێتە مایەی پاکبوونەوەی دەروون لە سۆزە خراپەکان، کەواتە تراژیدیا هۆیەکە بۆ پاکبوونەوەی دەروونی مرۆڤ لە خراپە و رۆیشتن بەرەو رەوشت بەرزی کە لەئەنجامدا کۆمەڵگەیەکی رەوشت بەرز دروست دەبێت، بەڵام لەلای ئەفلاتون پێچەوانەیە تراژیدیا لەرێگەی وروژاندن وترس و بەزەیی مرۆڤێکی ترسنۆکی بێ هەڵوێست و کۆمەڵگا بەرەو بەدرەوشتی دەبات.

**هۆراس (٦٥-٨ پ.ز)**

لە شاری ڤینیسیا لە خوارووی ئیتالیا لەدایك بووەو باوکی هۆراس لە هەرەتی گەنجیدا کۆیلە بووەو دوایی ئازاد کراوە و ماڵی پێکەوە ناوە و بۆیە هۆراسی لە باشترین خوێندنگاکانی ئەوسا داناوە لە رۆما، کۆیلەیی باوکی زۆر جار کێشەی بۆ دروست کردووەو بۆتە مایەی تانە لێدان لە لایەن هاوڕێکانییەوە دوای ئەوەی چەند ساڵێك لە رۆمان دەخوێنێ بۆ خوێندنی فەلسەفە دەچێتە (ئەسینا) پایتەختی یۆنان کاتێك دەکوژرێت هۆراس لەسەرکردایەتی لەشکری کۆماریدا دەبێتە (کۆلۆنێل) شەڕی ناوخۆیی دروست دەبێ ولایەنەکەی دیکە سەردەکەوێ بەسەریاندا، هۆراس لەمەیدانی جەنگ ڕادەکات هاوڕێکانی دەگیرێن و دەکوژرێن. بەڵام هۆراس لە مردن رزگاری دەبێت و ناگیرێت، بۆیە هەرچی موڵك و سامانی هەیە دەستی بەسەردا دەگیرێت و لێی زەوت دەکرێت وماوەیەك دوای ئەوە دوای لێبووردن هۆراس دەگەڕێتەوە بۆ رۆما و دەبێتە فەرمانبەرێکی بچووك لە خەزێنە. پاشان دەبێتە هاوڕێی ئیمپراتۆر هەندێك لەهۆنراوەکانی بۆی دەنووسێت ، بەم جۆرە ژیانی هۆراس بەرەو خۆشی دەڕوات تاکو ساڵی (٨ پ.ن) کۆچی دوایی دەکات.

هۆراس دوو پەلەی لە ژیاندا هەبوو یەکەمیان باوکی لەهەرەتی لاویدا کۆیلە بووە، ئەمەش کێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردووەو لەدەروونەوە ئازاری پێ چەشتووە. دووەم لە مەیدانی جەنگ ڕا دەکات ئەمەش لەنێو ڕۆمەکان عەیبێکی گەورەیە کە سەرکردەیەك مەیدانی شەڕ جێ بهێڵێ. ئەم پەڵەیە لە ژیانی هۆراسدا کێشەی زۆریان بۆ دروست کردووە، بۆیە هەوڵی داوە لە ژیانی خۆیدا ڕەشیان بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش لە شیعردا داهێنانی کردووە بەهۆی داهێنانەکەی و نزیکبوونەوەی لە دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە لابردنی ئەم دوو پەڵەیە لە ژیانیدا.

هۆراس کێتبی ( هونەری شیعر)ی داناوە، پێدەچێت لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا نووسیبێتی. هەروەها پێدەچێ کتێبەکە بۆ کەسێك نووسرابێ تاکو فێری شیعر نووسین ببێت. هەر چەندە بەرهەمەکەی هیچی تازەی تێدا نییە لەرووی تیۆری رەخنەو شیکردنەوەی ئەدەبیدا،بەڵام جێگایەکی تایبەتی هەیە لە مێژووی رەخنەدا، چونکە یەکەمین بەرهەم کە باس لە گیروگرفتەکانی ئەدەب دەکات بەشێوەیەکی پراکتیکی هۆراس یەکەم رەخنەگرە کە لاساییکردنەوەی نمونە بەرزەکانی بەرهەمی ئەدەبی کۆن دەکات بە بنچینەی شیعر. لەدوای خۆی گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت و دەبێت بە یاسایەکی ئەدەبی بەتایبەتی لە کلاسیکییەتی تازەدا.

هونەری شیعری هۆراس: باشترین ناونیشان بۆ بۆچوونەکانی هۆراس ئەوەیە دەبێت هەموو شتێك لە سنووری خۆی دەرنەچێ، واتە مرۆڤ دەبێ مام ناوەندی بێت لە بۆچوونەکانیدا زێدەرۆیی نەکاتو بەدوای شتی شازدا بگەڕێت. هەندێ لە تێبینییەکانی ئەرستۆ لەلای هۆراس دەبن بە یاسا بۆ نموونە لەبەر ئەوەی هۆمیرۆس داستانەکانی خۆی لەناوەڕاستەوە دەست پێدەکات. هۆراس دەڵێ هەموو داستانێ دەبێ لەناوەڕاستەوە دەست پێبکات . ئەمە دەبێت بە یاسایەکی گشتی بۆ داستان. یاخود ئەرستۆ دەڵێت هەموو درامایەك دەبێ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، هۆراسییش دەڵێت هەموو شانۆگەرییەك دەبێ لە (٥) بەش نەزیاتر و نەکەمتر بێت.

هەندێ لە بۆچوونەکانی هۆراس:

١ـ هەرچی بەرهەمێك دەست پێدەکات دەبێ یەك ئامانجی هەبێ لەمەبەستە سەرەکییەکەی خۆی دوور نەکەوێتەوە. لێرەدا هۆراس مەبەستی لە تێبینییەکەی ئەرستۆیە کە باس لە یەکێتی ڕووداو دەکات. ئەم بۆچوونە لەلای هۆراس دەبێت بە یاسا لە کلاسیکییەتی تازەدا ئەم یاسایە پراکتیزە کراوە، بەڵام دواجار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە لە درامایەکەدا لەوانە بوو دوو ڕووداویش هەبێت.

٢ـ هەر بابەتێك کە هەڵیدەبژێری دەبێ شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت، لێرەدا مەبەستی لە شێوازی تراژیدیا و کۆمیدیایە کە هەر یەکێکیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ چینێکی تایبەتی بەکاردێت و کەسایەتی خۆی هەیەو نابێت تێکەڵ بکرێن. بۆ نموونە تراژیدیا شێوازێکی بەرزی هەیە و ئەدەبی چینی سەرووی کۆمەڵگەیەو زمانی ئەو چینەی تێدا بەکاردێت و بەهیچ شێوەیەك نابێت وشەی بازاڕی تێدا بەکاربێت و ئەوانەی کەرۆڵی تێدا دەگێڕن خەڵکانێکن لەچینی سەرەوەی کۆمەڵ وەکو پاشا و میر و دەسەڵاتدارەکان. لەکۆمیدیاشدا کە شێوازێکی گاڵتەجاری بەکاردێت زمانێکی بازارییە و کەسایەتییەکان لە چینی خوارەوەن و پاشا و میرەکان رۆڵی تێدا نابینن تەنیا ئەگەر کۆمیدیاکە رەخنە گرتن بوو لەدەسەڵات.

٣ـ هەموو بەسەرهاتێك یان رووداوێك کە لەسەر شانۆ باس دەکرێت، نابێت دیمەنی ترسناك و تۆقێنەر پیشان بدرێت، لێرەدا مەبەست لەوەیە کە تراژیدیا ئەوندە دڵتەزێنە زۆر جار لەسنووری خۆی دەردچەێت، هۆراس دەڵێت نابێت دیمەنی ترسناك و تۆقێنەر پیشان بدرێت، وەکو ئەوەی کە دایکێك منداڵەکەی خۆی لەسەر شانۆ لەپێش چاوی بینەران سەرببڕێ. یاخود نابێت مرۆڤێکی دڕندە چێشتێك لە گۆشتی مرۆڤ دروست بکات. ئەم بۆچوونانە تاماوەیەك لە شانۆی ئەوروپی پەیڕەوی کرا، بەڵام دواجار بە تەواوەتی پشتگوێ خرا، چونکە ئێستا چەندین جۆر دیمەنی ترس و تۆقێنەر لەسەر شاشەی سینەما و تەلەفزیۆن ولاپەڕەی رۆژنامەکان بەرچاو دەکەوێت.

٤ـ ئەگەر بتەوێت شانۆ سەرکەوتوو بێت نابێ لە (٥) بەش کەمتر یان زیاتر بێت، ئەمە تێبینییەکەی ئەرستۆیە کە دەڵێ: شانۆگەری سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت.هۆراس دەیکات بە یاسا و لە ئەدەبیاتی کلاسیکی تازەدا بەشێوەیەکی گشتی پەیرەوکراوە، بەڵام ئەدەبی تازە سەریهەڵدا گۆڕانی بەسەردا هات بەتایبەتی لە شانۆی تازەوەو شانۆی عەبەسیدا نووسەر دەنووسێ بە بێ ئەوەی کۆتایی هەبێت، یاخود کۆتاییەکەی دیار بکات، بەڵکو کۆتاییەکی بۆ خوێنەر جێ دەهێڵێت تاکو بەویستی خۆی کۆتاییەك بۆ دراماکە دابنێ.

٥ـ هۆراس یەکەم کەسە کەمەرجی کلاسیزمبوونی لەگەڵ مەرجی گەڕانەوە بۆ کۆن گرێداوە و داوا لە شاعیرانی رۆمان دەکات بەشەو بەرۆژ و هەمیشە لاسایی ئەدەبیاتی یۆنانی بکەنەوە.مەبەستی لاساییکردنەوەیە بۆ نووسەرانی پێش خۆی و دەبێت بیانکات بە نموونەی ژیان، بەڵام نابێت لەسنووری خۆی دەربچێت، چونکە بۆ ئەوەی کەسێکی (شاعیرێك)ی تازەی لێ بێتە ئاراوە،بۆیە تاڕادەیەك لاساییکردنەوە باشە، بەڵام دوای ئەوە شاعیر دەبێ خۆی دروست بکات و رێگای خۆی لە ژیاندا بە بۆچوونی خۆی بگرێتە بەر.

٦ـ هۆراس مەبەستی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بۆ سوودبەخشین یان چێژپێگەیاندن یان لەیەککاتدا ئارەزوو بزاوندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیان دەگەڕێنێتەوە.هەروەها هۆراس باس لە بەرهەمی باش و خراپ دەکات و مەرجەکانی شاعیری چاك لە کتێبەکەیدا دەستنیشان دەکات.

## میتۆد چییە؟

پێناسەی مێتۆد لەڕووی زمانەوە، ئەو ڕێگەو هۆکار و ئامرازەیە کە پلەپلە پیایا سەردەکەون بۆئەوەی بگەن بەئامانجێکی د یاریکرا و، کە دەوترێت مێتۆد مەبەست لێی ئەو سیستەمە ڕێکخراوەیە کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت بگەین بەئەنجامی لۆژیکی. میتۆد وەکو زاراوەیەك پەیوەستە بە یەکێك لە دوو شەپۆلەکەوە:

**یەکەم** : – پەیوەست بە عەقلْ (لۆژیك)ەوە، ئەم پەیوەست بوونەش وایلێکردووە کە دەلالەت لە هۆکارەکان و بەجێهێنانە عەقلییەکان دەکات . دەقاودەق لەسنووری لۆژیکی کە بەرەو ئامانجە دیاری کراوەکانمان دەبات. بۆیە وشەی مێتۆد لە یۆنانیەوە سەرهەڵدەدات و لە ڕۆشنبیری ئیسلامیدا بەردەوام دەبێت تاکو دەگاتە سەردەمی ڕێنسانس، تاکو ئێستاش پارێزگاری لە مەزەندە وێنەی خۆی دەکات بە پێی لۆژیکی ( ئەرستۆ ) لەڕووی سنوور و ڕێگاکانی هەڵێنجانیەوە .لە و قۆناغەدا بە مێتۆد دەوترێت مێتۆدی عەقلی، چونکە خۆی بەسنووری کۆ ئەندامی عەقلییەوە پەیوەست دەکات بۆئەوەی ئەنجامەکانی لێوە هەڵێنجێت ، لەمەشدا سوورە لەسەر دژایەتی نەکردن ونەبەزاندنی یاساکان .

**دووەم** :– پەیوەستە بە بزوتنەوەی شەپۆلی زانستی لە سەردەمی ڕێنسانسدا . مێتۆدی عەقلانی لۆژیکی لەپاش ڕێنسانسدا شێوازێکی جیاوازی وەرگرت کە جۆرێك لە تایبەتمەندیەتی بەخۆوە دەبینی بە تایبەتیش لەگەڵ (دێکارت) لەکتێبەکەیدا (وتارێك لە مێتۆد) بۆیە لە وماوەیەدا مێتۆد پەیوەست بوو بە شەپۆلی زانستی . ئەم شەپۆلەش تەنیا خۆی ناخاتە ژێر رکێفی عەقل بەڵکو خۆشی دەخاتە پاڵ واقیع و پێیدراو و یاساکانی واقیع .

بەمجۆرە مێتۆد پەیوەست بوو بە گەشەسەندنی بیری زانستی ئەزمونگەری . و تێکەڵبوونێك لەنێوان ڕێبازەکانی زانایان و مێتۆدە سادەکاندا ڕویدا. بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە بە یەکجاری وازیان لە چەمکی یەکەم هێنا بۆئەوەی دووەم بە شێوەیەکی ڕەهاجێگەی بگرێتەوە ، بەڵکو جۆرێك لە بەیەکەوە ژیان لە نێوان هەردوو چەمکەکە بەرپابوو . بەڵام لەم سەردەمەدا ئەومەرج وتایبەتمەندیانە گەلێ زۆرن کە سروشتی مێتۆدی زانستی دیاریدەکەن، بۆیە پێویست بەوە ناکات کە هەموویان بخەینە ڕوو و باسیان بکەین. بۆیە لێرەدا باسەکەمان تەنیا دەوەستێتەسەر باسکردنی (مێتۆدی ڕەخنەیی) ، مێتۆدی ڕەخنەیش دوو چەمکی هەیە:

١ـ چەمکی گشتی: پەیوەستدەبێت بە خودی سروشتی بیری ڕەخنەیی لە زانستە مرۆڤایە تیەکاندا بە شێوەیەکی گشتی .ئەم سروشتی بیری ڕەخنەییە (دێکارت) دایمەزراند لەسەرئەو بنچینەیەی کەهیچ بەڵگەنەویستێك قەبوڵ ناکات پێش ئەوەی بە عەقلدا تێپەڕێت. بنچینەوڕێبازەکەشی لەمەدا بە گومانە

بۆ گەیشتن بە یەقین.بەڵگەنەویستەکانی ڕەتکردەوەو هیچی قەبوڵ نەکرد تەنیا ئەوانە نەبێت کە بەشێوەیەکی گشتی بە سەلماندن ڕاستییەکانیان سەلمێنراوە. ئەم بیرە ڕەخنەییە سیمایەکی بنچینەیی هەیە ئەویش ئەوەیە کە هیچ مەسەلەیەکی ناتەندروست قەبوڵ ناکات لەبەرئەوەی کە باوە یاخود زۆر بلاَوبۆتەوە، بەڵکو تاقیدەکاتەوە و ئەو هۆکارانەی تیا بەکاردێنێت کەدەبنەمایەی خاترجەم بوون لەسەلامەتی وتەندروستی ئەومەسەلەیە .ئەمەش پێش ئەوەی ئەو مەسەلانە بەکاربێنێت وەکو بنچینەیەك بۆبنیاتنانی ئەو ئەنجامانەی کە دەیەوێت بیانگاتێ .

٢ـ چەمکی تایبەتی: پەیوەستە بە توێژینەوەی ئەدەبی و بە ڕێگاکانی چارەسەری مەسەلە ئەدەبییەکان و لە ڕواڵەتی هەموو جۆرە داهێنانە ئەدەبیەکان وشیکردنەوەیان بڕوانێت .ئەویش بەم چەمکەوە دەقاودەق بە پێی سیستەمێکی تایبەتی دەجولێت کە لەئاستی جیاواز پێکهاتووە.

.

# مێتۆدی مێژوویی

مێتۆدی مێژوویی بەیەکەم مێتۆدی ڕەخنەیی دادەنرێت لەسەردەمی هاوچەرخدا،چونکە پەیوەست دەبێت بە گەشەسەندنی بنەڕەتی بیری مرۆڤایەتی و گواستنەوەی لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی هاوچەرخ . ئەو میتۆدە سەرەڕای کارکردنی لەسەر دەق، بایەخی سەرەکی بە نووسەر دەدات و کاریگەری ژیان و ژینگە و ئاستی رۆشنبیری و فەرهەنگی و کلتووری نووسەرەکەی لەسەر دەقە روون دەکردەوە. واتە دەقی پەیوەست دەکرد بە هۆکارەکانی دەرەوەی کۆمەڵگە و ژیاننامەی نووسەر دەبووە سەنتەر و چەقی کارکردنی. رەخنەگر بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقێکی ئەدەبی پابەند دەکرا کە بایەخ و رۆڵی نووسەر فەرامۆش نەکات و کاریگەری و کارتێکردنی ژیان و پەروەردەو رۆشنبیری نووسەرەکە لەناو دەقەکەدا دیار بکات و بەهەند وەریبگرێت.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی:**

کۆمەڵێك هۆکاری گرینگ هەبوون لە ئەوروپا و رۆژئاوا کە کاریان لە سەرهەڵدانی میتۆدی مێژوویی کرد لەناو ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیدا لەوانەش:

١- بزووتنەوەی رێنسانس لە سەدەی شازدەهەم بەتایبەتیش ئەو باوردۆخە سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلاَیەتییەی کە لە ئەوروپا هاتەکایەوە، لەوانەش شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا و شۆڕشی سیاسی لە ئەڵمانیا و بوارەکانی مافی مرۆڤ و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەیدابوونی چەمکی هاولاَتیبوون، سەرەڕای ئەمانەش پسپۆربوونی فەلسەفەو زانستەکان و هاتنەکایەوەی لقەکانی کۆمەلاَیەتی و دەروونی و ...تاد. وایان کرد میتۆدی مێژوو وەکو پێداویستییەکی قۆناغە سەرهەڵبدات.

٢ـ دەرکەوتنی هۆشیاری مێژوویی ، ئەو هۆشیارییە مێژووییەش سیمای بنـەڕەتی جیاکـەرەوەی نێـوان سـەردەمی هاوچـەرخ وسـەردەمی کۆنـە. ئـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی دیـاریکراو پەیوەنـدی بـە بـواری ڕەخنەییەوە هەیە ، کە وای کرد لێکۆڵینەوە بەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بکرێتەوە.

٣ـ کاریگەری قوتابخانەی ڕۆمانسییەت، چونکە لەڕووی مێژووییەوە ڕۆمانسییەت لەکاتی سـەرهەڵدانیدا لـە هەردووسـەدەی هـەژدە هـەم ونۆزدەهەمـدا وەدەرچـوونی لـە بازنـەی ئـەورووپی ورۆژئاواییـدا بەرەورۆشنبیری میللەتانی دیکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، وای کرد هۆشیاری ئادەمیزاد و مەزەندەکردنی بۆ مێـژوو لـە زەمەنـدا بەرجەسـتە بکـات، بـەو واتایـەی کـە ئـەو بیرۆکانـەی پـێش بزوتنەوەی ڕۆمانـسییەت بـاوبوون چـەرخی زێڕینیـان لـە ڕابـردوودا دادەناوەسـەیری ئێستایان دەکـرد بەوپێیەی کە هەڵوەشـانەوەو دارمـان وتێکـدان و داڕوخانـە . بزووتنـەوەی ڕۆمانـسییەت هـات بۆئـەوەی ئەوبارە بە تەواوەتی پێچەوانە بکاتەوە و ڕەوتی مرۆڤ لەزەمەندا دەقاودەق بەپێی یاساکانی سـەرهەڵدان وبالأبوون و گەشەسەندن و گواستنەوە لە قۆناغە سـەرەتاییەکانەوە بـۆ قۆناغـە زیـاتر پێـشکەوتووەکان ببینێ .ئەمەش ڕێگای خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی هۆشیاری مێژوویی.

٤ــ کاریگـەری و کارتێکردنـەکانی فەلـسەفە : بـەو پێیـەی فەلـسەفە کـە بـواری تیۆرییـە بـۆبیرە بنەڕەتییەکان لەرۆشنبیری مرۆڤایەتیدا، ئەوەش بەپێی مەزەندەی سەردەمەکۆنەکان کەگوایە پلەبەپلـە لەسەردەمە سەرەتاییەکانەوەکە سیستەمی ئەفسانەیی تیا پیادەدەکرا بۆ سـەردەمە ئاینییـەکان ئنجـا بەرەو سەردەمەکانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ. ئەمەش هۆشیارییەکی مێژوویی هێنایـە کایـەوە و ڕێگـای بـۆ دەرکەوتنی هۆشیاری مێژوویی و دواجار میتۆدی مێژوویی خۆش کرد

٥ــ سـەرهەڵدانی بزوتنــەوەی توێژینــەوەی زانـستی ئـەکادیمی لـە ناوەنـدە ڕۆشـنبیریەکان وژینگـە زانکۆییەکان ، کە هـەوڵیان دەدا بۆتـاوتوێکرنی گـەورەترین ژمارەلـەداتادەربارەی سـەردەمە کۆنـەکان. ئەمـەش بریتییـە لەگـەورەترین لێکدانـەوەی زانـستی بـۆ ڕێـچکەی مێـژوویی لەلێکۆڵینـەوەی ئـەدەب و ڕەخنەدا ، هەروەها پێویستی گرنگیدان بە دیکۆمێنتکردنی وەقەبووڵ نەکردنی شـتەکان وەك بەڵگـە نەویست، وپشتبەستن بەعەقل وسەلماندن وەمامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان لەڕووی دیاریکردنەوە، یەکـەم پلـەی دانـەپاڵ خاوەنـەکانی وتۆمـارکردنی،وەلێکۆ ڵینـەوە لەسەرچـاوەئەدەبیەکان ،وپەیوەندییـەکانی کاریگـەری و کاریگـەربوون لـەنێوان نووسـەرەجیاوازەکان، وپەیوەندییـەکانی ئـەدەبیاتی ناوچـەیی بەئـەدەبیاتی جیهـانی یـەوە. لەگـەڵ تۆمـارکردنی دەقـەکانی و شـیکردنەوەی دەسـت نووسـەکانی و ئاشکراکردنی فاکتەرەکانی کاریگەربوون وکارلێککردن لە نێوان خۆیانـدا. کەواتـە هـەنگاوی یەکـەم کـە لەسەر توێژەر پێویستە پێش دەستکردنی بەتوێژینەوەکەی تەئکیـدی لێ بکـات ،پرسـیاردەربارەی ئـەو ماددەیە بکات کە کاری لەسەر دەکات تا چەندلە دانەپاڵ خاوەنەکانی ساغکرا وە تەوە، ئەو مەسەلەیەی

کـەوایکردووە کـە گرنگـی بـە دانـەرەکان بـدرێت ،وە ژیـان و مێـژوویان تۆماربکرێـت ئنجـا ئـەو سەرچاوانەی کە لە دانانی بەرهەمەکانیان پـشتیان پـێ بەسـتووە ئاشـکرا بکرێـت وەلەسـەر نەخـشەی ڕۆشنبیری گشتیدا لە شوێنی خۆیان دابنرێن .

٦ـ سەرهەڵدانی چاپەمەنی ودوبارە چاپکردنەوەوئەوتوانا مەزنە تازانەی کە لـە سـەردەمی چـاپەمەنی دا هاتە ئاراوە . ئەمە لـە سـەدەکانی پێشوودا ئاسـان نـەبوو ، چـونکە سروشـتتی بـەکاربردنی خـودی کارەکان بەپشت بەستن لەسـەرنموونەی دەستنووسـەکان ڕێگـەی بـە بنیـات نـانی ئـەم جۆرەسیـستەمە نەدەدا .

**ئاڕاستە هزرییەکانی میتۆدی مێژوویی:**

لە ناوەڕاستی سـەدەی نۆزدەهەمـدا بـیری مێـژوویی هـەنگاوێکی زۆر گـەورەی نـا ئـەویش لـە ئەنجامی فەلسەفەی دیالێکتیکی بوو لەلای (هێگڵ )وە بەشێوەیەکی دیاریکراویش لەگـەڵ دەسـتپێکردنی فەلسەفەی مارکسییەو لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمـدا مارکسییەت وای لێهـات بووبەوبنـەما بەتینـەی کە مەزەندەی مێژووی ئەدەب وهونەری لە سەر بنیاتدەنرا .مارکسییەت مەزەندەکانی خۆی لەسەرئەو بنەمایـە پیـادەکرد کـە سـەرخان وژێرخـان هەیـە ژێرخـان خـۆی لەحەقیقەتـەکانی ژیـانی مادیـدا دەبینێتەوەخۆی لەبوونی ڕاستەقینەی کۆمەڵگاکان و مرۆڤدا دەبینێتەوە. لە بەرجەستەکردنی ماددی لە لایەنی ئابوری و ڕامیاری و سیستەمی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا ، بەتایبـەتیش لـە بەرهەمهێنانـدا کەڕۆلی لەژیاندا هەیە هەر لەسەرەتاوە لە ڕێگاکـانی ژیـان وجۆرەکـانی ژیـانی شـوانکارەیی وپیـشەسازی ...هتـد، بـەڵام سـەرخان لەوژێرخانـەوە دەردەچـێت وەبریتییـە لـە یاسـا ودەسـتوورو سیـستەمە کۆمەڵایەتییەکان . لەپاڵ ئەوەدا مارکسییەت

پەیوەستکردنی بەرهەمی ئەدەبی و هونـەری و فیکـری یـە بەیەکـەوە بـە شـێوەیەکی زنجیرەیـی بـەپێی حەتمییەتێکی جێگیر.هەموو هونەرێك بەشێوەیەکی خۆڕسك و هەڕەمەکی دەست پێدەکات کە ملکەچـە بۆ ڕژێمی سەرمایەداری بەڵام دەبێت دواجار بڕژێتـە نـاو داهـاتووی سۆشیالیـستییەوە .وەهەرئـەدەبیات وهونـەرێك ئەوئاڕاسـتەیە نـەگرێت ئـەوا دژی بزاڤـی مێژووییـەو ڕاسـتگۆیی خـۆی لەدەسـتداوە ئەمەیـە تێڕوانینـی جەوهـەری مارکسییەت کەمێژووییـەکی حەتمییـە. مارکسییەت ڕۆلێکـی گرنگـی بینـی لـە تەرخانکردنی نموونەیەکی دیاریکراو بۆ فراژی مێژوویی پاش ئەوەی کە بە شێوەیەکی کراوە بوو لە تیۆرەکـانی پێـشخۆی بەتایبـەتیش ڕۆمانـسییەت ، ئـەویش لەڕێگـەی بانگێـشەکردن بـۆ حەتمییەتی فراژیکردنی مێژوویی بەرەو سۆشیالیستی .بەمـەش وایلێهـات بەرهـەمی ئـەدەبی وهونـەری لەناوقالب دادەنا بەپێی ئەودیاریکراوانەی کەپێشتر لەسنووری تیۆریدادانرابوون .

پێویستە لەسەرمان کەمێك بگەڕێینەوە دواوە،ولە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم بۆئەوەی ئاڕستەی دووەم لەبیری مێژوویی ڕەخنەیی بزانین.ڕەنگە ئاڕاستەی دووەم بەدیاریکراوی لەکۆمەڵە ڕەخنەگرێکی مەزنی خاوەن بانگێشەی بنەڕەتی لە بەستنەوەی ئەدەب بەژیانەوە پێکبێت.وەبەڕەسەنکردنی ڕێگا کانی شیکاری ڕەخنەیی بۆ ئەو ئەدەبە، بەسوودوەرگرتن لە پێدراوەمێژووییەکان و زانستە جۆراوجۆرەکان .ئاماژە بەدووناوی جەوهەری دەکەین لەوانەی بەشداریان کردووە لەپێکهێنانی ئاڕاستەی مێژوویی لەڕەخنەی ئەدەبیدا دوور لە جەمسەرەکانی ئایدیۆلۆژیایی مارکسییەت لەلایەك وەبوونگەرایی لەلایەکی ترئەو دووناوەش (تین و لانسۆن )ن .

(تین) ڕەخنەگرێکی مەزنی فرەنسییە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم ژیاوە .ئەدەبی پەیوەست کردووە بەو سێ فاکتەرە بنچینەییەی کەپێکیانهێناوە ئەوانیش بریتین لە :

١-ڕەگەز

٢-ژینگە

٣- ناوەند

تیۆرەکەی( تین ) بەلێکدانەوەیەکی میانڕەوی تیۆرە تازەکان دادەنرێت لەپەیوەست کردنی ئەدەب بەژیان ،وەکۆمەڵێ هۆکار حوکمی تیادەکەن .(تین ) دەستنیشانی کردوون ئەوانیش:

١-ئەوژینگەی کەداهێنەرتیاهەڵدەکەوێت .

٢-ڕۆشنبیری .

٣-پەروەردە.

٤- فاکتەرەکانی کات وشوێن کەکاریگەریان لەسەری هەیەو ئەدەبەکە ڕەنگ ڕێژدەکەن .

تیۆرەکەی (هیوبلد تین) لەڕووی فیکرییەوە ئەوەی لە سەرگیراوە کە شوێنێکی گونجاوی نەڕەخساندووە بۆ بلیمەتییەتی کەسایەتی ،ژینگەو بارودۆخی دەرەکی داناوە بەدیاریکەری جۆری داهێنان وئاستەکەی.لەوە بێئاگایە کەزۆرجار وادەبێت داهێنەرەکان بەیەکەوە لەو ژینگەیە ژیان بەسەر دەبەن ، یەکێ لەنێویاندا هەنگاودونێت و کاری لەوپەڕی هێزو جوانی پێشکەش دەکات .ئەوانی تریش دەستەوەستان دەمێننەوە و توانای بەرهەمهێنانی ئەوجۆرەبەرهەمەیان نییە ،لەکاتێکدا هەرهەموویان ملکەچ بوون بۆ هەمان کاریگەری دەرەکی ،ئەو مەسەلەیەی کەوا پێویست دەکات بوار بۆ ڕەگەزی تاك و بەهرەی تاك لەداهێنانی ئەدەبیدا بڕەخسێت . بەڵام (تین)درکی بەو بیرۆکەیە کرد کاتێ کە لەپێشەکی کتێبەکەیدا ((دەربارەی ئەدەبی ئینگلیزی )) ئاماژە بەبلیمەتی (شەکسبیر )دەکات .

لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا  مێتۆدی مێژوویی  لە ناوەندە زانستی  وئەکادیمیەکاندا بەرجەستە بوو لەلای مامۆستایەکی مەزن ئەویش (( گۆستاف لانسۆن )) بوو . کە  بەتایبەتی لەکتێبەکەیدا (مێتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ) کەکتێبێکە لەوپەڕی  کورتبڕی و چڕی و جوانی یە ،  دەتوانین   هێڵە سەرەکیەکانی  مێتۆدی مێژوویی لەتوێژینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەکەیدا دەستنیشان بکەین.ئەو کتێبەی(لانسۆن )دوا بەرجەستەی زانستییە بۆ دیارکراوە بنەڕەتیەکان لەمێتۆدی مێژوویی لەڕەخنەی ئەدەبیدا،  بەلاّم ئەوەندەی نەبرد ڕەخنەی مێژوویی فراژی کردوبەرەو جۆرێکی تری ڕەخنە هەڵخلیسکا، ئەویش پێی دەڵێین ڕەخنەی کۆمەلاّیەتی.

# مێتۆدی کۆمەلاّیەتی

مێتۆدی کۆمەلاّیەتی بەیەکێك لە مێتۆدە بنچینەییەکانی توێژینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت .دەتوانین بڵێین ئەم مێتۆدە لەباوەشی مێتۆدی مێژووییەوە لەدایك بووەو لێیەوەدەرچووە، ئەو میتۆدە کۆمەلاّیەتییە بووە مایەی ئەوەی ئاڕاستەیەکی گشتی بێتە ئاراوە بۆ  پەیوەست کردنی ئەدەب بەکۆمەڵگاوە . دەتوانین  بڵێین  دواجار  لە  مێتۆدی مێژوویدا  تەنیا   مێتۆدی کۆمەلاّیەتی دەمێنێتەوەو گشت ئەوتوێژینەوەو لێکۆڵینانەوەی کەلەسەرەتا پەیوەست بوون بە بیرۆکەی هۆشیاری  مێژوو ییەوە ڕژانە ناو مێتۆدی  کۆمەلاّیەتیەوە .بەمەش هەر زوو ئەو هۆشیارییە مێژووییە  گۆڕا بۆ  هۆشیاری کۆمەلاّیەتی و پەیوەست دەبوو بە سروشتی ئاستە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگا و بیرۆکەی چینایەتی، هەروەها پەیوەست دەبوو بە بیرۆکەی تەمسیلی ئەدەب بۆژیان.

بەلاّم کێشەی یەکەم کەڕووبەڕووی ئەو میتۆدە  بووەوە  کە ئەدەب و کۆمەڵ  بە یەکەوە پەیوەست دەکەن، خۆی لە گریمانەیەك دەبینیەوە کە بنەماکەی ئەوەیە،هەر کاتێ کۆمەڵگا لەڕووی   سیستەم و ڕامیاری و ئابوری و ڕۆشنبیری وبەرهەمهێنانە شارستانیەکانییەوە گەشەسەندنی بەخۆیەوە  بینی، جۆرێك لە پێشبینی سەرهەڵدەدات  ئەویش ئەوەیەکە ئەم پێشکەوتن و گەشەسەندنە دەبێت  گەشە سەندنی ئەدەبی لەپاڵدابێت، یاخودشتێکی سروشتییە کە دەبێت گەشەسەندنی ئەدەبی لەگەڵیدا هاوتەریب بێت، بەلاّم لە مێژوویی ئەدەبیات وکۆمەڵگا جیاوازەکانمدا ئەوە سەلماوە  کە ئەو بەیەکەوە هاتنە یان گەشەسەندنە ڕاست نییە. زۆر لە سەردەمە مێژووییەکان کە کۆمەڵگاکان دووچاری هەڵوەشانەوەی ڕامیاری وداڕمانی ئابوری وپشێوی کۆمەلاّیەتی بوون، کەچی پێشکەوتنێکی ئەدەبی وهونەریان بەخۆیانەوە بینیوە.ڕەنگە ئەمە  زیاتر ڕوون ببێتەوە ئەگەر نموونەیەك لەمێژووی عارەبی دا

بێنینــەوە.ســەردەمی دووەمــی خەلافــەتی عەباســی کەنموونەیــەك بوولــە هەڵوەشــانەوەی دەوڵــەت وگواستنەوەی دەسەلآت لەعارەبەکانەوە بۆ عەجەمەکان و سەرهەڵدانی ولآتی بچووك بچووك بوو .ڕزینی بنەماکانی کۆمەڵگاو هەڵوەشانەوەی زۆر لە دیاردەکانی بوو.ئەو هەموو دیـاردە خراپانـە بـە شـێوەیەکی دیاریکراو هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمـەڵێ لـە گـەورە شـاعیرانی عـارەب، ئەوانـەی کـە لوتکـەی داهێنانی شیعرین لە ڕۆشنبیری عارەبیدا . کەواتـە چـۆن دەتـوانین پـەیوەندییـەك هەڵبەسـتین لـەنێوان تێکچون وداڕمانی ئاستەکانی کۆمەلآیەتی وئابوری وڕۆشنبیری لەلایەك و گەشە سەندنی ئاستی داهێنانی ئـەدەبی لەلایـەکی تـر ؟ئـەوە چـۆن لێکدەدرێتــەوە ؟ مارکـسیەکان هــەر لــەخودی مـارکس خۆیــەوە مەزەندەکیان پێشکەش کـرد بـۆ وەلانـان وخۆپاراسـتن لەودیاردەیـەی کـە پێـی دەوترێـت ( مەزەنـدەی سەردەمە درێژەکان) ئەو مەزەندەیە وادەبینێ کە پـەیوەندی لـەنێوان بنیـاتی کۆمەلآیـە تـی لەلایـەك و بنیاتی ڕۆشنبیری وئەفراندن لەلایەکی دیکەوە یوەندییەکی ڕاسـتەوخۆ و یەکسەر و دەم ودەسـت نییـە، بەڵکو بەڕیتمێکی لەسەرخۆ دەبێت.بـەو واتایـەی کـە دەکرێـت کۆمەڵگـە پێـشکەوتوو بێـت و ئـەدەبیش لەهەڵوێستێکی کزو لاوازدا بێت.چونکە هێشتا ئەدەب ئەو دیاردانـەی وەرنـەگرتووە، کـاتێ دەسـتدەکات بە وەرگرتنی ئەو کات داهێنان وئەفراندن وەك ئەنجامێك دێتە دی . ئەو کاتیش لەوانەیە ئەو فاکتەرانەی کەببونە مایەی ئەوپێشکەوتنە نەمابن، چونکە پەیوەندییەکە پێویستی بەماوەی پێگەیشتن و کاریگەری درێژخایەن و ڕیتمی هێواش هەیە ، بەلآم ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سـەیری مێـژوو بکـەین ، دەبیـنین هاوتەریبی لە نێوان هەردوو لا لەسەر ئاستی سەردەمە درێژخایەنەکان بەرپادەبێت. نـەك لەسـەر ئاسـتی سەردەمە کورتەکان . واتە لەو نموونەی کە هێنامانەوە دەتوانین بڵێین سەر دەمێکـی پێـشکەوتووی عارەبی هەبووە کەخۆی لەسەرهەڵدانی ئیمپراتۆریـەتێکی عـارەبی ئیـسلام ی مـەزن دەبینێتـەوە لـە ڕووی ڕامیاری و کۆمەلآیـەتی وئـابوری و ئایـدیۆلۆژی لـەماوە جیاجیاکانـدا.ئەوئیمپراتۆریەتـە عارەبییـە مەزنە ئەوەندەی نـەبرد بەشـێوەیەکی گـشتی ڕۆشـنبیریەکی پێگەیـشتووو گەشەسـەندوی لێهاتـەئاراوە .ئەوەیە کەپێی دەوترێت یاسای سەردەمە درێژخایەنەکان ئەوەی کەڕەتی دەکاتەوە ئەدەب بپێورێـت لە سەر بنەمای پەیوەندیەکانی بە کۆمەڵەوە لـە ماوەیـەکی زەمـەنی کورتـدا. بـەڵکو هەوڵـدەدات ئـەو پێوانە درێژ بکاتەوە لە سەرماوەی زەمـەنی درێژخایەنـدا. بەمـە تـوانرا دیاردەکـانی پەیوەسـتکردنی ئەدەب بە کۆمەڵ لێکبدرێتەوە .

لەلایەکی دیکەونە کۆمەڵناسی وەکو زانستێك پێـشکەوتنی بەخۆیـەوە بینـی و چـەندین لـق و پـۆپی لـێ بووەو لەوانەش زانستی کۆمەلآیەتی ئەدەب ، یان سۆسۆلۆجیای ئەدەب ئـەو زانـستە کاریگـەر بـوو بـەو پێشکەوتنانەی کە لە تیـۆری ئەدەبـدا ڕوویـدا لـە لایـەك وە ئـەوەی کـە لـە زانستەکانی کۆمەلآیـەتی دا

لەلایەکی تر . بەمشێوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا سێ بزوتنەوەی هاوتەریب و لەیەکدوور لەیەککاتدا بەرجەستە بوون .

**بزوتنەوەی یەکەم :**

کە خۆی لە (ئاراستەی چەندێتی) دەبینێتەوە ، کە پێشی دەوترێ زانستی کۆمەڵایەتی دیاردە ئەدەبیەکان . ئەویش بزوتنەوەیەکی ئەزمونگەرییە سوود وەردەگرێت لە تەکنیکە شێکاریەکانی کە لە لەمێتۆدی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان ڕێکخراوە .وەکو: ئامارەکان وداتاکان وشیکاری زانیاریەکان وەلێکدانەوەی دیاردەکان لەسەر بنەمای زانیارییە دیاریکراوە کان ، کەتوێژەر دەریخستوون بەپێی مێتۆدی وورد وەئەو ئەنجامانە ی لێدەردەهێنێت کە لێیەوە دەردە چێت. ئەو بزوتنەوە ئەزموونگەرییە بەوشێوەیە ئەدەب دەبینێت کە بەشێکە لەپێکهاتەی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری وەکو هەریەکێك لە دیاردە کانی تری ژیانی ڕۆشنبیری و وای دەبینێت کەلێکدانەوەی ئەدەب پێویستی بە کۆکردنەوەی بڕێکی زۆر لە داتای ورد دەکات دەربارەی کارە ئەدەبیەکان. لەمەدا گەورەترین بڕ لە داتای ئاماری بەکاردێت، تەنانەت دەتوانین لەدیاردەی ئەدەبی بکۆڵینەوە وەك ئەوەی بەشێك بێت لەدیاردەی ئابوری.بەڵام ئابوری ڕۆشنبیری بەو واتایەی لە لێکۆڵینەوەکەماندا زاراوەکانی بەرهەم و بەبازاڕکردن و دابەشکردن و ئەوانی تر بەکاربهێنین .لەهەموونەمانەدا ئەنجامی زۆر بەبەهای لێ دێتەئاراوە.ئەوەیە کە بزاڤی ئەدەبی لەناو کۆمەڵگاو مەودای بلاوبونەوەی یاخود گرژبوونی و ئەوپەڕچە کردارانەی کەلێی دێتەئاراوە ئاشکرادەکات.

لەمبارەیەوە زانایەکی فرەنسی بەناوی (سکاربیە) کتێبێکی هەیە لەسۆسیۆلۆژیای ئەدەب . ئەو وەکو دیاردەیەکی چەندایەتی لەئەدەب دەکۆڵێتەوە .لە ئالییەت و بنەماکانیدا پەیوەست دەبێت بەیاساکانی بازاڕو دەتوانرێت لەڕێگەیەوە لەڕووی چەندییە وەبەپلەی یەکەم لەکارە ئەدەبیەکان بکۆڵرێتەوە.

گرنگترین ڕەخنە کەلەو قوتابخانەیە دەگیرێت ئەوەیە ئەو سروشتی جۆری کارەئەدەبیەکان پشتگوێدەخات . لەلای ئەو ئاراستەیە ڕۆمانێکی مەزنی خاوەن بەهایەکی نەمر یەکسانە لەگەڵ ئەو ڕۆمانە ئاساییەی کە بلاوبۆتەوە، چونکە پشت بە ژمارەی بلاوبوونەوە دەبەستێت، لەتێڕوانینی ئەو ئاڕاستەیە ڕۆمانێکی پۆلیسی یەکسانە لەگەڵ شاکارە ئەدەبیە نەمرەکان، چونکە ئەوبنەمایەی کە لەو لێکۆڵینەوانە حوکم دەکات بەپلەی یەکەم بنەمایەکی چەندییە کە هیچ پەیوەندی بە چۆنیەتیەوە نییە و پەیوەستە بە زمانی ژمارەکانە وەك ژمارەی نوسخەکان و ژمارەی چاپەکان و کۆی خوێنەرەکان ،وەەگەر وەرگێڕرابێت بۆ زمانانی تر ، یاخود ڕۆمانەکە کرابێتە فلیمێکی سینەمایی یاخود بەردەوامیەتی ،و گۆڕان لە ژمارەی چەندێتی وەرگران ،.بەلأم ئەو تێڕوانینە توانای حوکم کردنی بە بەهای لەسەر کارە

ئەدەبیە کاندا نییە. ئەو کاری بەسەر بەها و چۆنیەتیەوە نییە ، دواجار ئەو تێڕوانینێکی ئیستاتیکی بۆ کارە داهێنراوەکان نییە.

ئـەو ڕەخنەیـەی کـە ڕووی دەکرێتـە ئـەو ئاراسـتەیە سـەرەرای ئـەوەی کـەتوانای ئاشـکراکردنی تایبەتمەندییـە جۆریـەکانی کـاری ئـەدەبی نییـە تـەنیا بـەتێبینی دیاردەکـانیش وازدێنێـت ولـەتوانای لێکدانەوەی قوولّ نابێتەوە . بۆیە پێیان وایە کە ڕەخنەی لەمـشیوەیە خزمـەتی زانایـانی کۆمەڵایـەتی و توێژەرانی دەکات زیاتر لەوەی لەخزمەتی ڕەخنەگرانی ئەدەب و پسپۆرانیدا بێت .

**بزووتنەوەی دووەم :**

ئاراستەی چۆنییەتی دەگرێتەخۆ، زیاتر پێی دەوترێت قوتابخانـەی دیـالێکتیکی وبۆخـودی (هێگـل ) و بۆچوونەوەکەی دەگەڕێتەوە کەدواجار (مارکس ) لەپەیوەنـدی نێـوان ژێرخـان و سـەرخان لەبەرهـەمی ئەدەبی و بەرهەمی ڕۆشنبیریدا بەرجەستەی کـرد.ئـەو پەیوەندییـەش پەیوەندییـەکی گـۆڕاوەو کارلێکـە تیۆردانەری بنـەڕەتی لـەو ئاراسـتەیەدا (جـۆرج لۆکـاش )ە مـەزنترین فەیلەسـوفی واقیعیـەت لـە نیـوەی یەکەمی سەدەی بیستەم . ئەویش کاتێك کەلەئەدەبی کۆڵییەوە وپەیوەندی نێـوان ئـەدەب و کۆمـەڵگای شیکردەوە بەو پێیەی کە ئەدەب ڕەنگدانەوەو نواندنی ژیانە.

لـەدوای لۆکـاش گـەورەترین تیۆردانـەری ئـەو بزوتنەوەیـە لـە سۆسـیۆلۆژیای ئەدەبـداهات ئـەو یـش (لوسیان گۆڵدمان ) بوو گۆڵدمان لە بیروبۆچوونەکانی لۆکاشەوە دەستپێدەکات و پێشی دەخات ، کـە کۆمەڵێ لە زاراوەی تازەو تەکنیکی پیادەکردنی شیکاری داهێنراوی دروست کرد ناو لـەو کارانـەی خـۆی نا (زانستی کۆمەڵایەتی ئەفراندنی ئەدەب) و بەپلەی یەکەم گرنگـی دەدات بەلایـەنی چـۆنیەتی نـەك لایەنی چەندی .

گۆڵـدمان لـە کۆمـەڵێ پرنـسیپی قـوولّ و ئاڵۆزکـاوەوە دەسـتپێدەکات و پێیوایـە کـارە ئەدەبییـەکان گوزارشت لەتاك ناکەن ، بەڵکو گوزارشت لە هۆشیاری چینایەتی گروپ و کۆمەڵگا جیاوازەکان دەکـات. بەو مانایەی ئەگەر نووسەر تاکیش بێت، بەڵام ویژدانی کۆمەڵی تیا چڕکراوەتەوە .لەگەڵ بۆچوونی ئـەو کۆمەڵەی کەخۆی تاکێکە لەوان .ئەمە خاڵی یەکەمە لەتیۆرەکـەی گۆڵـدمان ئـەدەب بەرهـەمێکی تاکـە کەسی نییە وەبەو پێیە مامەڵەی لەگەڵ ناکەین کەگوزارشتکردنە لـە بۆچـوونێکی کەسـی ، چـونکە ئـەو تێڕوانینە هۆشیاری کۆمەڵی و ویژدانی کۆمەڵی تیا بەرجەستەکراوە .

گۆڵدمان لە کتێبە بەناوبانگەکەی خـۆی لـەژێرناوی ( لـەپێناو شـیکردنەوەیەکی سۆسـیۆلۆژی ڕۆمـان ) لەسەرهەڵدانی ڕۆمـانی ڕۆژ ئـاوایی کۆڵیوەتـەوە لەگـەل چـۆنیەتی وەرچـەرخانە جیاوازەکـان لـە قۆناغـە جیاجیاکاندا وەك گوزارشتکردنێك لە بۆچوونی بۆرژوازیەتی ڕۆژئاوا بۆ جیهان . زیادکرنە ڕاسـتەقینەکەی

بۆ ئەو میتۆدە ئەوەیە کەلایەنی چۆنیەتی لە توێژینەوەی کارە ئەدەبیەکاندا فەرامۆش نەکردووە ، بەڵکو بەشێوەیەکی دیاریکراو پشتی بەو لایەنەی بەهایی چۆنیەتی بەستووە لە لێکدانەوەی مەودای پەیوەندی نێوان کارە داهێنراوەکان و هۆشیاری کۆمەڵی دا .

. لەگەڵ ئەوەشدا رەخنە لەو میتۆدە گیرا بەوەی کە لەنێوان دیاردە ناچەشنەکان لەیەکچوونێك بنیاتدەنێت، ژیانی کۆمەلأیەتی دەرەکی لەلایەك وە کارە ئەدەبییە شیکارییە زمانییەکان لەلایەکی تر دا .ئەمە بەگەورەترین خاڵی لاواز دادەنرێت لەهەردوو بزووتنەوەکەی پێشوو لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب وە بزوتنەوەی چەندی لەلای سکاربییە و بزوتنەوەی چۆنیەتی لەلای ( لۆکاش و گۆڵدمان ) .

**بزووتنەی سێیەم:**

ساڵانی حەفتا کان بووە مایەی لەدایك بوونی ئاراستەیەکی نوێ لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا کەجیاوازە لە ئاراستەی چەندی و ئاراستەی چونیەتی.ئەو ئاراستەیەش پێی دەوترێت (زانستی کۆمەلأیەتی دەقی ) ئەوەی کەبەشێوەیەکی دیاریکراو سوود لە پێدراوەکانی زانستی دەق و سۆسیۆلۆژیا وەردەگرێت بۆئەوەی وابکات کە نزیك خستنەوەی سۆسیۆلۆژیا زیاتر پەیوەستە بە ناوەندی ڕاستەقیتەی فیعلی نێوان ئەدەب و ژیان ئەو ناوەندەش زمانە، چونکە زمان ماددەی ئەدەبە وماددەی پەیوەندی کردنە لە ژیاندا .کەواتە زمان لەتێڕوانینی زانستی کۆمەلأیەتی دەقی ئەدەبیدا پاڵێوراوە بۆئەوەی ببێت بە پردی ڕاستەقینە ئەوەی کەتیایا دەتوانێت پەیوەندییەك بنیات بنێت لەنێوان ئەدەب لەلایەك وەژیان لەلایەکی تردا.لەڕێگەی ناوچەیەکی هەستیاردا. بەکارهێنانی زمان وەك ناوچەیەك بۆتوێژینەوەی ڕەخنەیی لەزانستی کۆمەلأیەتی دەقی ئەدەبیدا هۆکارێکە بۆپڕکردنەوەی ئەو کەلێنە جۆرییە ی نێوان دیاردە جیاوازەکان .

ئەوەی کە نوێنەرایەتی ئەو ئاراستەیە دەکات ڕەخنەگرێکە پێی دەووترێت ( پێرزیما ) و کتێبێکی هەیە بەناوی (ڕەخنەی کۆمەلأیەتی ) توانیویەتی لەدووتوێی ئەوەدا هەموو ئاراستە کانی پێش خۆی بەرجەستەبکات ،وەگرنگترین کۆسپ و ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕوویان بۆ تەوە بخاتەڕوو ،وە وێنایێکی پێگەیشتووتر و فراژی تر لەسۆسیۆلۆژیای ئەدەوبدا پێشنیار بکات .

# میٚتۆدی دەروونی

لەڕەخنـەی ئەدەبیـدا میٚتـۆدی دەروونـی ڕەگ و ڕیـشەیەکی قـووڵی هەیـە  و دەتـوانین لـە تیۆرەکـان (ئـەفلاٚتون) دا کاریگـەری شـاعیرەکان لەسـەر سیـستەمەکانی بـەهاو ژیـان لـە  شـارە خێرمەندەکەیـدا بدۆزینەوە کە سەرەتاییٚکە لەو لاکردنەوە قووڵە لەلایـەنی دەروونـی لـە توێژینـەوەی فەلـسەفەی ئـەدەب وئەرکەکانی .دەتوانین تێبینی ئەوەبکەین کە خودی تیۆری پاك کردنەوەی دەروونـی لـەلای ئەرسـتۆ دا، ئەفراندنی ئەدەبی   پەیوەست دەکـات بەئەرکـە دەرونیەکانیـەوە، بۆیـە  دەبیـنین زۆربـەیان دەربـارەی پەیوەندی شیعر بە دەروونـی داهێنـەرەوە وتـەی لەیەکچوویان دووبارەکردۆتـەوە .وگوزارشـتکردن لێـی دەربارەی ئەوپەیوەندییە چووەناویەك و ئالۆزانەی کەڕەخنەکر دەتوانێت  لـە نێـوان  دەقەئەدەبیـەکان لەلایـەك وە پاڵنــەرو ئامانجـەکان و ئەرکـە دەروونییــەکانی لــەلای داهێنــەر بنیـات بنێـت ،  وەلــەلای وەرگریشەوە لەلایەکی تر ......

ئەو میٚتۆدی دەروونییە  بەشێوەیەکی زانستی ڕێکخراو  لەگـەڵ سـەرەتای خـودی زانـستی دەروونییـەوە بەشـێوەیەکی دیـاریکراو سـەد سـاڵ  پـێش ئێـستا  لــە کۆتــایی ســەدەی نۆزدەهــەم بەدەرچــوونی بەرهەمـەکانی (فرۆیـد ) لەشـیکاری دەروونـی دا ودامەزرانـدنی زانـستی دەروونـی دەسـتپێکردوە . لـەو دامەزراندنــەدا پــشتی بــە توێژینــەوەی دیاردەکــانی ئــە فرانــدن لەئــەدەب و هونــەردا بەســت وەك دەرکەوتنێکی دیاردە دەروونییەکان .  کەواتە خودی میٚتۆدەکە لەگـەڵ پێکهـاتنی دەرون ناسـی دەسـت پێدەکات ، یاخود زانستی شیکاری دەروونـی لـەلای (سـیگمۆند فرۆیـد )ەوە .ئـەو خاڵـەی کـە (فرۆیـد) لێیەوە  دەستپێکرد لەو  بارەیەوە  خۆی  لە جیاکردنەوەی نێوان هەستی ونەستیدا ،لەنێوان بـەئاگایی و بێئاگایـدا دەبینێتــەوە، لــەنێوان ئاســتەکانی ژیــانی ناوەکیــدا وەدانــانی بێئاگــایی یــاخود نەســتی بەکۆگایەکی پشتەوەی نادیاری کەسیەتی ئادەمیزادە ، گرنکیدانەکەی  بەپلـەی یەکـەم  دەڕژایـە  نـاو لێکدانــەوەی خــەون  بەوپێیــەی   ئــەو پەنجەرەیــە کــە بێئاگــایی تیادەردەکــەوێت .وەبـەو پێیـەی کـە ئەورێگەیەیە  بەهۆیەوە کەسایەتی گوزارشت لەخودی خۆی دەکات .وەلەپشت یاساکانی قەدەغە کردنی کۆمەلاٚیـەتی دەسـووڕێتەوە .لەیەکـچوون لـەنێوان خـەون لەلایـەك   وە هونـەرو ئـەدەب لـەلای دووەمـدا شـتێکی هانـدەر بـوو بـەدانانی   هونـەر بـەڕوێکی تـر لـە ڕووە کـانی دەرکـەوتنی فاکتـەرە شـاراوەکان لەکەسیەتی مرۆڤدا ، (فرۆید) ئەدەب و هونەری دانا بە گوزارشتکەر لە بێئاگایی تـاك  و  دەرکەوتەیەکـە کارلێکەکانی خودی وململانێی ناوەکی تیادەردەکەوێت .ئەوەش ئـەو کاتەبووکـە خاسـیەتەکانی خـەونی بەکۆمەڵە سیفەتێك دیاریکرد .لەپێشیانا : چڕکردنەوە .... خزاندن ..... ڕەمز ، بـەو واتایـەی کەخـەون بەئەنقەسـت بـەرەو دیـاردە درێـژکراوەکان  دەچـێت و کـورتی دەکاتــەوە  بــەلابردنی    ووردەکارییــە زۆرەکــانی و   بەڕێگەیــەکی بــەرز  چــڕی دەکاتــەوە، ئینجــا دەســتدەکات بەگواسـتنەوەی لــەبوارێکی هەستییەوە بۆبوارێکی تری هەستی .لەوەشدا ڕەمـزی جـۆراو جـۆر بـەکاردەهێنێت . هـەرزوو (فرۆیـد) و قوتابییــەکانی درکیــان بــەوەکرد کــە هــەمان ئــەو یاســایانەی کەلــە چــڕکردنەوەو خــزان و ڕەمزدایــە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسروشتی کارە هونەری و ئەدەبیەکانـدا حکـوم دەکـەن .وەکـو زانـراوە (فرۆیـد)

پەنایبردە بەر مێژووی ئەدەبی و زۆربەی وتارو زاراوەکانی خۆی لەشیکاری دەروونیدا لەوێوە وەرگرت .هەندێ دیاردەی گرێی دەرونی ناونا .بۆنموونە هەندێ لەگرێیانەی بەناوی کەسایەتی ئەدەبیەوە کردوەك :گرێی ئۆدیب ،وەگرێی ئەلێکترا ....وئیتر .هەروەها پەنای بردەبەر شیکردنەوەی هەندێ تابلۆی هونەری تەشکیلی ،وەهەندێ کارە ئەدەبی و شیعرییەکان وەهەندێ ڕەمزی تر بۆ دەلالەتکردن لە تیۆرەکانی لەشیکاری دەرونیدا ،.فرۆید لەناوچەی شیکاری دەروونیدا کاریدەکرد و بەپلەی یەکەم گرنگیدەدا بەدیاردە نەخۆشییەکان وەك دەمارگیری وشیزۆفرینیا و .... ئیتر و پەیوەست کردنی ئەفراندنی ئەدەبی بەو دیاردە نەخۆشیانە.

ئەم بیروبۆچوونانە تاڕاددەیەکی مەزن هاوکاربوو لە سەر هەڵدانی لقێك لەلقەکانی توێژینەوەی دەروونی وئەدەبی ئەوەی کەپێی دەوترێت (دەروونناسی ئەدەبی ) کە کاریگەری لەسەر ئەدەب هەبوو .

ئەو قوتابخانەیەی فرۆید، لەلایەن قوتابییەکانییەوە زیاتر پەرەی پێ درا، یەکێك لەوانە (یۆنگ) بوو. (کارل یۆنگ ) قوتابی و هاوڕێی (فرۆید ) بوو، بەلأم ئەوەندەی نەبرد لێی جیابوەوە ، وە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی ( کۆنەستەوە ) دامەزراند ، بەمەش سروشتی تاکیەتی تێپەڕاند ئەوە ی کە توێژینەوەکانی فرۆیدی لەسەر دەوەستاو گرنگی پێدەدا. (یۆنگ ) وادەبینێت کە کەسیەتی مرۆڤ سنوورەکانە تەنیا لەسەر ئەزموونی تاکە کەسیەوە ناوەستێ ، بەڵکە درێژدەبێتەوە تاکو ئەزموونی مرۆڤایەتی کۆمەڵ کە لە کۆنیدا ڕووچووە بگرێتەخۆ .ئەو کەسایەتییە بەنموونەکان و جۆرە بالأکان کە لە ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی لەڕێگەی نەوە جیاوازەکانەوە پێگەیشتووە پاریزگاری لە بڕیارەکانی دەکات ..ئاراستەکانی یۆنگ و تیۆرەکانی لە جۆرەکانی مرۆڤایەتی، کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە پێشکەوتنی توێژینەوە ڕاڤەکەرەکانی دیاردە ئەدەبیەکان وئەوەی کە پەیوەستەبە ڕەخنەی ئەدەبیەوە ...دەتوانین ڕەخنەگری مەزنی کەنەدی ((نۆرپرب فرای)) لەسەرووی هەمووئەوڕەخنەگرانە دابنێین کە تیۆرەکانی (یۆنگ )لە دەروون ناسی کۆیان لە شیکردنەوەی ئەدەبدا مەزراندووە.(فرای )پرنسیپەکانی تیۆرەکەی خۆی لەکتێبە مەزنەکەیدا خستۆتە ڕوو ((ڕاڤەکردنی ڕەخنە )) لەتوانابوونی ڕاڤەکردنی ئەدەبی جیهانی بەتایبەتی لەدەرکەوتنەکانی لەڕۆشنبیری ڕۆژئاوایدا بەزمانە جۆراوجۆرەکانی یەوە .

بزوتنەوەیەکی تری دەروونی کەگرنگییەکی تایبەتی هەیە لە لێکدانەوەی دەرکەوتەکانی ئەفراندنی ئەدەبی ، دەخرێتە سەر ئەوانی پێشوو ،ئەویش خۆی لە قوتابخانەی (ئەدلەر ) ی ڕەمزی دا دەبینێتەوە ،ئەو قوتابخانەیە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و باش بەراورد لەنێوان خەون و ڕەمزە ئەدەبیەکان دەکات .

بەلأم ئەو بازدانەی کە لە مێتۆدی ڕەخنەیی دا ڕوویدا ئەوەی کە پشت بە گووتە دەروونییەکان دەبەستێت لەنیوەی سەدەی ڕابردوودا دەستی پێکرد و بەشێوە یە کی دیاریکراو لەگەڵ سەرەتای مێتۆدی بونیاتگەریدا دەستی پێکرد ،چونکە یەکێ لە دامەزرێنەرانی بیرکردنەوەی بونیاتگەری ( جان بیاجیە ) بووکە یەکێکە لە زاناو بیرمەندانی بونیاتگەری لەسەدەی بیستەم دا کە گرنگیان بە دەروونناسی منالّی دا،و بەچۆنیەتی دروست بوونی زمان لەلای مندالأن ، وە لە پێش هەموواندایە لە ڕووی پێشکەشکردنی بنەمایەك بۆ بونیاتگەری بەرهەمهێن ،لەلێکۆڵینەوەکەیدا لە بارەی دەروونناسی

منـدالآن ،وچـۆنیەتی دروسـت بـوونی زمـان لـەلای منـدالآن . بـەلأم ئـەوەی کـە پەیوەسـتکردنی نێـوان دەروونناسـی و ئـەدەبی ڕاگەیانـد لـە ڕێگـەی زمانـەوە لـە مێتـۆدێکی زۆر تونـدو یـەکگرتوودا ،زانـای دەروونناسـی فرەنـسی(لاکـان ) بـوو ، کـە بەدامەزرێنـەری دەروونناسـی بونیاتگـەری لەقەڵـەم دەدرێـت .لەسەر دەستی ئەودا شیکاری دەروونی ئەدەب بەشێوەیەکی ڕەگورپیشەیی فراژی بەخۆیەوە بینی

دواتـر دوای ئـەو بازدانـە دەبیـنین خـودی توێژینـەوەکانی دەروونناسـی لقـی تـری لـێ بۆتـەوە لـەزۆر مەیدانی ئەزموونگەری و ئەرکییەوە ،دەسـتی بـەفراوان بـوون کـردووە بۆئـەوەی توێژینـەوەی یادگـاش بگرێتەوە ،لەگەڵ چـۆنیەتی کـارکردنی ، و ئـەو یاسـایانەی کەفـەرمانی پێـدەکات لەئەرکەکانیـدا ،و ئـەو توێژینەوانەی کە پەیوەست بوون بە ئەرکەکانی یادگا ،گشت ئەمانـە ڕژانـە لقێکـی نـوێ پێـی دەوترێـت (زیرەکی دروستکراو ) کە لقێکـە لەدەروونناسـی ئـەدەب و توێژینـەوەی زیرەکـی دروسـتکراو گەیـشتە ئەوپەڕی گرنگیپێدانەوە کاتێ لەسەر دەقە ئەدەبیەکاندا پراکتیزەکرا ، چونکە پشت دەبەسـتێت بـە ئامـاژە زانـستییە گەشەسـەندووەکان .کـە کـار لەسـەر چـۆنیەتی وەرگـرتن و وەلأمدانـەوەی و تێگەیشتنیمان بۆ دەق لێکدەداتەوە.لێرەدا بازنەکانی توێژینەوە دەروونییـەکا یەکـدەگرن بـەجۆرێك کـە چـی تـر تـەنیا لەسـەر نێنـەر ناوەسـتێت وەچـێتر تـەنیا لەچـەند پارچـەیەکی پـەرش و بـلأو لـە دەقەئەدەبیەکانـدا دەرناکـەوێت بـەڵکو لەمـەودوا ڕۆلیـان دەرژێتـە سـەر وەرگـریش ،وە چـۆنیەتی وەلأمدانـەوەی زەینـی وخـەیاڵی کـە هـەیتی بۆکـارە ئەدەبیـەکان لێکدەداتـەوە .هـەروەها جـۆری ئـەو وەلأمدانەوەیە و چۆنیەتی تێگەیشتنی و مەرجـەکانی ئـەو تـێ گەیـشتنە ،ئاسـتەجیاوازەکانی وەرگرتنـی وەهەر فاکتەرێك کە ئەو چوونە ناوەوەیە دیارییکات .

# میتۆدی بونیـادگەری

میتۆدی بونیادگەری یەکێکە لەو میتۆدە هاوچەرخانەی کە لەبواری رەخنەی ئەدەبیدا رۆڵ و پێگەیەکی بەرچاوی هەیە و زەمینەیەکی گونجاوی بۆ پێشخستن و گەشەسەندنی رەخنەی ئەدەبی رەخساندووە. بۆنیادگەری (Structuralism) وەکو زاراوەیەك ناونیشانێکی کۆکەرەوەیە کە زمانناسی گەورە ( رۆمان جاکبسۆن ١٨٩٦-١٩٨٢) لە ساڵی (١٩٢٩) وەکو وەسفکردنێکی کارە تیۆرییەکانی بازنەی زمانەوانی براغ بەکاری هێنا . وشەی بونیاد بەواتای دروستکردن دێت و لەهەمانکاتیشدا چۆنییەتی دروستکردنەکە دەگەیەنێت، لێرەشدا دەگوترێت بونیادی کۆمەڵگە، بونیادی کەسایەتی ، بونیادی زمان....تاد، بەواتای دروستبوون و پێکهاتە هەر شتێك دەگەیەنێت. لە بنەڕەتدا وشەی بونیاد لەبواری بیناسازییەوە هاتووە، کە بەواتای چۆنێتی دامەزراندنی بینایەك دێت، بەمجۆرە وشە فەڕەنسیەکە (Structures) بۆ وشە یۆنانییەکە (Struere)مان دەبات، کە بەواتای دانانی بەردی بناغەی بینایەك دێت. چەمکی بونیادگەری لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی ڕێکخستنی رەگەزەکانی گرووپێك دەکات و هەوڵدەدات لەو رەگەزە پەیوەندارانە بکۆڵێتەوە کەبەهای هەر رەگەزێك لەپەیوەندی لەگەڵ رەگەزەکانی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە. بۆیە مەبەست و ئامانجی

رەخنەی بونیادگەری ئەوە نییە کە بەرهەمێك بە (شاکار)و یەکێکی دیکە بە (ساکار) لەقەڵەم بدات، بەڵکو تەنیا لە چۆنێتی پێکهاتنی رەگەزەکانی زمانی دەقەکە دەکۆڵێتەوە. لەزاراوەی ئەدەبیشدا بۆنیادگەری بەگشی بەشێوەی داڕشتن کۆمەڵێك پێوەندی توخمەکان و بەشەکانی پێکهێنەری بەرهەمێکی ئەدەبی لەگەڵ یەکتردا دەگوترێ ، کەواتە بونیادگەری بایەخ بە جیهانی ناوەوەی دەق و رایەڵ و پەیوەندییەکانی ئەو توخم و رەگەزانەی کە پێکهاتەی دەق دەچنن و بەیەکەوە پەیوەندییەك دێنە ئاراوە کە لە خودی خۆیدا ماناکان بەرهەم دەهێنێتەوە، بەبێ ئەوەی پەل بۆ دەرەوەی دەق بهاوێژێت، بەمشێوەیەش جیهانی دەرەوەی دەق فەرامۆش دەکرێت و لەناوخۆی دەقدا لێکۆڵینەوەکان رێچکە دەبەستن، هەروەکو (ژان بیاژە) ئاماژەی بۆ دەکات کە بریتییە لە کۆمەڵە گواستنەوەیەك کە یاسای خۆیان هەیە ، بەبێ ئەوەی سنوورەکان ببەزێنێت ، یاخود پەنا بۆ رەگەزە دەرکییەکان ببات.

بیروبۆچوونەکانی زانای بەناوبانگی سویسری (دی سۆسێر ) سەرەتای ئەو ئاراستەیە بوو.چونکە ئەو چەمکەکانی کە لە کۆرسی خوێندنی زمانەوانی لەجنێڤ بە خوێندکارەکانی ووتبووەوە بریتی بوون لە سەرەتایەکی مێتۆدی بۆ بیری بونیات گەری لەزماندا . ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێك دووانەیی بەرامبەر ئەوەی لەڕێگەیەوە دەتوانرێت وەسفی سیستەمە کانی زمان بکرێت . لەپێشەکی ئەو دووانەییانەش دا، دووانەیی زمان وقسەیە .(سۆسێر ) جیاوازیکرد لە نێوان قسەکردن و زمان. قسەکردن کارێکی تاکەکەسی دەم ودەستی جیاوازی پچڕپچڕە دەکەوێتە زەمەنێکی گۆڕاوەوە ، کەچی زمان نموونەیەکی کۆمەڵی زەینییە لە سەر ڕووی ژیاندا دەرناکەوێت .زمانە کە چالاکیەکانی قسەکردن بەڕێوەدەبات وئەو سەرچاوەیەیە کەپشتی پێدەبەستێت و حوکمەکانی خۆی لێی وەردەگرێت

دووەمین دووانەیش کە گرنگییەکی مەزنی هەیە لەدیاریکردنی ئاراستەی بیری زمانیی بونیاتگەری، ئەوەی کە(دی سۆسێر) بۆجیاوازیکردن لەنێوان دوو تەوەردا بنیاتینا : تەوەرێکی مێژوویی پێگەیشتوو لەلایەك کە لە سەر توێژینەوەی دیاردەکان لەڕێڕەوو بوونیان لەکات و وەرچەرخانە جیاوازەکانیدا دەوەستێت . تەوەرێکی هاوکاتی وەسفی کەگرنگی دەدات بە شیکردنەوەی سیستەمی دیاردەکان لە چرکەساتێکی دیاریکراودا .ئەو دوو تەوەرە دواجار دەبینین لە زۆر لە توێژینەوەکانی کە لەسەرەتای سەدەوە بەتوێژینەوەی مێژوویی ولێکۆڵینەوەی وەسفی ناوزەدکرا .

ڕەنگە زاراوەی بونیات بەشێوەیەکی سەرپێیی لە توێژینەوەی فۆرمالیستەکانی ڕووسیدا هاتبێت بەتایبەتی لەکاتی شیکردنەوەیان بۆ سیستەمە ڕیتمییەکان لە شیعردا، وەشیکردنەوەیان بۆسروشتی پەخشان . کەسایەتیەکی ڕووسی هەیە کە ڕۆڵێکی مەزنی بینی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەوکەسایەتیەش زانای مەزنی زمانەوانی ( ڕۆمان جاکۆبسون ) بوو لەسەرەتادا یەکێك بووله فۆرمالیستەکان ، دواتر لەسییە کاندا چووە ناو بازنەی پراگی زمانەوانی و بوو بە ئەندام لەو بازنەیەدا ، لە چلەکان وپەنجاکاندا چووە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لە سەر بەرجەستەبوونی زۆر لەو بیرانەی کە پەیوەستن بە بونیاتگەری زمانە وانی.

هەروەها ئەوەی کەبە (قوتابخانەی ڕەخنەی تازە ) لەقەڵەم دەدرێت .ئەو قوتابخانە ڕەخنەییە لە ئەزموونە فیکری ومێتۆدیەکانیدا گەلێ ئەنجامی بەدەست هێنا کە بەپلەی یەکەم تەرکیز لەسەر چەمکە زمانیەکان دەکاتەوە کە لەگەڵ ئەوئاراستانەی کە لە بەرەوپێشبردنی جوولەی مێتۆدی لەئەدەب و ڕەخنەکەیدا بەیەکدەگەن هە تا کۆدەبێتەوەو لە توێژینەوەی دەقی ئەدەبیدا جەمسەر دەگرێت. هەمووئەمانە دەستیانکرد بەکارلێککردن لەگەڵ کەشی ڕەخنەی جیهانی بە سیفەتێکی گشتی تاکو لە پەنجاکان و شەستەکانی ئەم سەدەیە دا سیما دیارەکانی بزاڤی بونیاتگەری لە زمان و دەرونناسی ورەخنەی ئەدەبی پێکهات .

بونیادگەری پێکهاتەیی چەند بنەمایەکی سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

أ. جیهانبینی: بەیەکێك لە بنەما هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی بونیادگەری پێکهاتەیی لەقەڵەم دەدرێت، زۆر جار بەرۆحی ئەو میتۆدە وەسف دەکرێت. جیهانبینی بریتییە لە وێناو بیروبۆچوون و گۆشەنیگای مرۆڤە لە بەرامبەر بوون و سروشتدا، ئەو جیهانبینییەش نووسەران لەڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە گوزارشتی لێ دەکەن لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری خودی و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە، بێگومان ئەو جیهانبینییەی کە کۆمەڵگە تێیدا دەژی کاریگەری لەسەر نووسەران دادەنێت و دووبارە بۆ کۆمەڵگەکەی دەیگەرێنێتەوە. جیهانبینی لای گۆڵدمان ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەیە کەلە ساتی بەرهەمهێنانی دەقدا کاریگەری خۆی بەسەر تێڕوانینی نووسەرەکە دەچەسپێنێت. کەواتە بەبۆچوونی گۆڵدمان ئەو واقیعەی کۆمەڵایەتییەی کەنووسەر تێیدا دەژیت لە بونیادی زەینی نووسەرەکە و لەمیانەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەریدا ڕەنگدەداتەوە، ئەو نووسەرە جیهانبینی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە دەخاتەڕوو کە خۆی تێیدا دەژیت.

ب ـ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن: بە دوو بنەمای گرنگ لە بونیادگەری پێکهاتەیی دادەنرین، تێگەیشتن لە بونیادی خودی دەقەکە دەکۆڵێتەوە، بەو واتایەی کە تێگەیشتن وەکو پرۆسەیەك تایبەتە بە بونیادی دەلالی دەق و لە کاریگەرییە دەرکییەکان دابڕێنراوە، هەرچی ڕاڤەکردنە وەکو پرۆسەیەکی دووەم دێتەهەژماردن لە ئاستێکی دیکە لە دەق دەڕوانێ کە ئەویش ئاستی دەرەکییە و هەوڵدەدات بونیادی دەق لە چوارچێوەی بونیادێکی گەورەتر کە بونیادی کۆمەڵایەتییە شیبکاتەوە. بەو واتایەی کە تێگەیشتن هەمیشە لەناو سنوورەکانی دەقدا کارەکانی ڕایی دەکات، بە پێچەوانەوە ڕاڤەکردن لایەنە دەرەکییەکانی وەکو مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی دەگرێتەوە.

ج ـ وشیاری کردەیی و وشیاری شیاو: وشیاری کردەیی و وشیاری شیاو هەر چەندە پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە کە ۆشیاری کردەیی کە زۆرجار وشیاری هەنووکەیی پێدەگوترێت، هۆشیارییەکە لە رابردووە سەریهەڵداوە و لەوردەکاری و بارودۆخ و ڕووداوەکانی ناوخۆیدا جیاوازە، هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات لە چوارچێوەی بارودۆخی ژیاری و ئابووری و هزری و ئایینی و پەروەردەیی خۆیەوە لەواقیع بگات. بەڵام وشیاری شیاو ئەوە شتە شیاوە کە چینێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ئەنجامی بدات، دوای ئەو گۆڕانکارییە جیاوازانەی کەبەسەریدا دێت ، بەبێ ئەوەی سروشتی چینایەتی خۆی فەرامۆش بکات. وشیاری شیاو، وێنایەکە

بۆ وشیارییەکی نویٚ کە لەسەر بنچینەی وشیاری کردەیی دامەزراوە وریٚگایەکە بۆ تیٚگەیشتن لە وشیاری واقیع، بەم پیٚیە وشیاری شیاو ئەو ئەنجامەیە کە وشیاری کردەیی پیٚیگەیشتووە، بۆیە وشیاری شیاو جوولیٚنەریٚکی چالاکی هزری گرووپی کۆمەلاٚیەتییە، بەشیٚوەیەك کار بۆ داڕشتنی داهاتووی دەکات و ویٚنەیەکی زیندووی لە رابردوو و داهاتوو پیٚ دەبەخشیٚت، چونکە هەر گرووپیٚکی کۆمەلاٚیەتی وشیاری و پیٚکهاتەی زەینی خۆی لە پەیوەندی لەگەلٚ چالاکییە ئابووری و کۆمەلاٚیەتی و سیاسییەکان لەناخی کۆمەلٚگەدا دەخولقیٚنیٚ.

د ـ بونیادی دەلالی: چەمکی بونیادی دەلالی لەسەر دوو ئاستدا بەدی دەکریٚت، ئاستی یەکەمیان لە تیٚگەیشتنی کارە ئەدەبییەکاندا خۆی دەبینیٚتەوە ئەویش لەرووی سروشتی و پاشان دۆزینەوەی ئەو دەلالەتانەی کە تیٚیدایە، ئاستی دووەمیش حوکمدانە لە بەها فەلسەفی و ئەدەبی و ئیستاتیکییەکان، بەم جۆرە تیٚگەیشتن دەبیٚتە پیٚوەریٚك و جەخت لەبونیادیش دەکریٚتەوە لەریٚگای ئەو ئەرکانەی کە کاری داهیٚنەرانە ئەنجامی دەدەن.لەمبارەیەوە گۆلدٚمان پیٚیوایە کە بونیادی دەلالی لەگەلٚ جیهانبینیدا یەکەیەکی تەواوکراو پیٚکدەهیٚنن، بەو پیٚیەی کە جیهانبینی دەق راڤەدەکات و شیدەکاتەوە، بونیادی دەلالیش لیٚی تیٚدەگات و لە چوارچیٚوە کۆمەلاٚیەتییەکەیەوە لیٚکۆلٚینەوەی لەسەر دەکات. بەمشیٚوەیەش بونیادی دەلالی گوزارشت لە واقیع دەکات، وئامانجیش لیٚی گەیشتن بەو گشتگیرییەی کە کۆمەلٚگای مرۆڤایەتی دەگریٚتەوە.

# میٚتۆدی شیٚوازی

یەکەم دامەزریٚنەری شیٚوازگەری (تشارل بالی) بووە..شتیٚکی سەیرە گەر تیٚبینی ئەوە بکەین کە (بالی) گرنگی بەڕوخساری زمانی شیٚوازدەدا لەدەرەوە ی خانەی ئەدەبدا وەتەرکیزی دەکردە سەرلایەنی سۆزداری لەپیٚکهیٚنانی سیماجیاکەرەوەکانی شیٚوازە زمانیەکان

ژمارەی کۆمەلٚەی پیٚناسەکان زۆرن لە تواناداهەیە کە لەسیٚ کۆمەلٚەدا کورتیات بکەینەوە :

یەکەم : ئەو کۆمەلٚە پیٚناسانەی کە شیٚواز دووبارەدەکەنەوە دەقاودەق بەپیٚی نموونەی بەردەوامی کەلە تویٚژینەوە مرۆڤایەتیەکاندا بە نیٚنەرناسراوە،هەر لە پیٚناسە بە ناوبانگەکەی ( دی بۆفۆن )ە وە کە لەلاماندا لە دەربڕینیٚکی ئاساندا کورتکراوەتەوە ئەویش ئەوەیە (شیٚواز خودی کەسەکە خۆیەتی) سروشت یٚکی خوازەیی هەیە لە بەرامبەر پیٚناسەکانی تر کە شیٚوازەکان جیادەکەنەوە کە بریتیە لە سیما گوزارشت کەریە جیاوازەکانیان هەروەك چۆن پەنجەمۆر بە نویٚنەری کەسیەتیەکە دادەنریٚت . دەبینین کە ئاراستەی بەرهەمهیٚن لەتویٚژینەوەی شیٚوازدا لەرووی خۆیەوە جەخت لەسەرئەو سروشتەی کەسی شیٚوازەکان دەکاتەوە .بەو پیٚیەی کە بریتیە لە سیمای جیاوازی نووسەر .هەروەها ئەو کۆمەلٚە پیٚناسانەی کە دەڕواننە شیٚواز بەو پیٚیەی کە هەلٚبژاردنیٚکی زمانیە

لەنێوان چەند بەدیلێك پەیوەست دەبێت لەگەڵ ئەوەی پێشوودا .چونکە هەڵبژاردن هەر زوو سروشتی خاوەنەکەی هەڵدەگرێت و کەسایە تیەکەی تیا دەردەکەوێت و ئاماژە بۆ تایبەتمە ندیەکانی دەکات .

دووەم : ئەو پێناسانەی کە لەدەوری ئەو خاسیەتانە چڕدەبێتەوە کەخۆی لە خودی دەقە کە دا دەبینێتەوەدوورلەوەی کەخاوەنەکەی کیٚ یە ، هەروەها لە ڕووی بابەتییەوە لەناو کاری ئەدەبیدا بەرجەستەدەبێت .ئەوسا هەندیٚ پێناسەی شێواز دەردەکەون بەو پێیەی کە لادانە لە دەستوور لەوانەیە لە ئاستی ئاسایی باودا دەربکەوێت ، یاخود دەرکەوتنێکی ئاشکرای خاسیەتەکانی جۆری لەجەستەی نووسینەکەدا کە سیما جیاوازەکانی تیا بەرجەستە دەبێت .هەروەها پێناسەکانی پێوە پەیوەست دەبێت بەو پێیەی کە سەرەنجامی کۆمەڵێك لە و سیمایانەی کە بەسیستەمێکی تایبەت لەدەقی ئەدەبی هاتوونەتە ئاراوە .بەومانایەی کە ئەو سیمایەی یەکجار ها\تووە سیمای شێوازی پێکناهێنێت .بەڵام کاتی بەشێوەی دووبارە بوو نەوە دەردەکەوێت بەڕیتمێکی دیاریکراو ئەوسا دەبێتە سیمایەکی شێوازی .

سێیەم : ئەو پێناسانەی کە هەوڵدەدەن شێواز بگرن بەپێی لایەنی سێیەم لە بەردەوامیدا ئەویش وەرگرە بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەست دەبێت بەدوو لایەنەکەی پێشوو لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر وەرگر بەو پێیەی کە ئەوە جیاوازی لەنێوان خاسیەتەکانی شێوازی دەکات وە درکی پێدەکات و لادان دەرکەوتنەکەی ئاشکرا دەکات لەڕێگەی ئەو کاریگەرییەی کە دروستی دەکات وئەو ئەرکەی کە جێبەجێی دەکات،ئەوساکە چەمکی خوێنەری نموونە یی کە ریڤاتێر پێشکەشی کردبوو دەردەکەوێت بۆئەوەی ببێتە تەوەری ناسینی خاسیە تە شێوازیەکان وهەڵبژاردنەکانی کە پەیوەستن بەوەوە و شیکارەکانی کەپەیوەستن بەکاریگەر یەکانی دەبن بە ناوچەی دیاریکردنی سیما شێوازیەکان و ملکەچکردنی بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردن .

پێناسەی شێواز هەرچییەك بێت ئەوەی کە پێی ڕازین وئەو کێشانەی کە لەنێوان توێژەراندا سەر هەڵدەدات لە ئەنجامی زۆری و جۆراو جۆری بۆچوونەکان دەربارەی چەمکی شێواز و ڕێگاکانی وەسف کردنی ئەو ئەنجامەی کە لە گشت ئەمانەوە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە چەمکی شێواز ئاسان نییەو ڕووەکەشی ڕێگەمان پێنادات بە ڕێگایەکی ئالی ئاشکرای بکەین بەڵکو پێویستی بە هەوڵێکی داهێنەرە لەنزیکخستنەوەی دەقەکان و هەوڵدان بۆ گرتنی سروشتە تایبەتەکانی .

# مێتۆدی سیمۆلۆژی

مێتۆدی سیمۆلۆژی بەیەکێك لە مێتۆدەکانی پاش بونیاتگەری دادەنرێت. هەرچەندە لەڕووی مێژووەوە دەبینین تاڕاددەیەکی زۆر لەگەڵ بونیاتگەریدا دەستی پێکردووە. یەکەم کێشەی پەیوەست بەسیمۆلۆژیا کەڕووبەڕوومان دەبێتەوە کێشەی زاراوەیە ئەویش لەبەر زۆری ئەو سەرچاوە ڕۆشنبیرییانەی کە ئەو وشانەیان خستۆتە ڕوو کە دەلالەت لەو بابەتە دەکەن .لە دەسپێکەوە لەڕووی ناوی زانستییەوە دەبینین ئەوانەی کەبەزمانی فرەنسی قسەدەکەن شوین نەریتەکانی قوتابخانەی جنێڤ کەوتوون کە (دی سۆسێر ) ڕابەرایەتی دەکات وەبەو بابەتەیە دەڵێن سیمۆلۆژیا .ئەوانەی کەبە ئەنگلۆسەکسۆنی دەدوێن شوێن نەریتێك کەوتوون کە هاو تەریبە لەگەڵ (شارل پێرسی ) لۆژیکناسی بەناوبانگی ئەمریکی و زاراوەی سیمیۆتیك بەکار دەهێنن .ڕەخنەگرو توێژەرانی عارەبیش دابەشی سەرسیٚ ئاڕاستە دەبن ،هەندێکیان زاراوەی سیمۆلۆژیا بەکاردێنن و لەوەشدا پاساوی خۆیان هەیە ئەویش وەك هەوڵێك بۆنزیك بوونەوە لەسەرچاوەی بیری ڕەخنەی هاوچەرخ بۆدروستکردنی زاراوەکانی بەپێی نەریتە کۆنەعارەب یەکان بۆ قووتدانی ئاماژە زمانیەکان و (تەمسیلکردنیان ) و مەزراندنیان بەوەی کە ڕێگە بە بەردەوام بوونی زانستی دەدات لەگەڵ ژینگە زانستیەکانیان . و هەیانە پشت بەسەرچاوەکانی دەبەستیٚ وووشەی (سیموگیقا )بەباش دەزانێت بەتایبەتیش لەسەرهەمان ئەو نەسەقە دەڕوات کە کردارەکانی بەعەربیکردن لەسەری دەڕۆیشت هەر وەك چۆن ووشەی (البیوگیقا) و شێوە زمانیەکانی تری پیٚ گواستراپەوە.ئاراستەی سێیەم لەناو کەلەپووری عارەبیدا لەووشەی هاوشێوە دەگەڕێت کە لەوانەیە لەزانستی هاوچەرخدا بەشێوەیەکی تەقریبی دەلالەتی پێویستی زمانی بگەیەنێت دەستی دەکەوێتە سەر( سیمیاو ) و وشەی (السیمیائیە)ی لیٚ دەتاشێت .لەگەڵ ئەوەی کە (السیمیاو) لەئەدەبی کۆنی عارەبیدا پەیوەست دەبێت بەسیحرو پێشبینی کردن ولەنهێنی دوان وسیمیا بەتێگەیشتنیسەدەکانی ناوەڕاست شوێنکەوتنی شوێنەوارو ئەوانی تر لە و ئاماژانەی کە دووری دەخاتەوە لەچوار چێوەی مەعریفی هاوچەرخ ، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکەین کە کۆمەڵیٚ لە ڕەخنەگرانی مەغریبی عارەبی زۆرنزیکە کە بۆچونەکانیان لەسەر زاراوەی (سیمیاو ) جێگیر ببێت. لەو کاتەوەکەهەوڵیدا لەحەفتاکاندا لێلاییەك بخاتە سەرمێتۆدی بونیاتگەری زاراوەی سیمۆلۆجیا کاریگەر بوو بەو هەوڵەی کە ویسترا لەڕۆشنبیری هاوچەرخی عارەبیدا بیچێنن ، ڕەهەندێکی وەرگرت لە مەزەندەکردنی بەیەکچوونی بە بوارەکۆنە عارەبیەکان لەلایەکەوە وە بەدۆکۆمێنت کردنی پەیوەندییە مەعریفیەکان لەگەڵ بیرۆکەی ڕەخنەی هاوچەرخ و ئاسانکردنی لەسەر خوێنەران لەلایەکی ترەوە .

جا هەرچییەك بێت ،ئەواناونانی زاراوەکە تەنیا دەرچەیەکە ، ئەوەی گرینگە ئەوەیە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە (سیمۆلۆژیا چیە؟) ئەوادەبینین دوولەتوێژەرانی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم ژیاون ولەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆچی دواییان کردووە،ئەوانیش هەر یەك لە (دی

سۆسێر ) و (چارل بێرسی )ین هەریەکە بەشێوازی خۆی مزگێنی سیمۆلۆژیای ڕاگەیاند ووە .(دی سۆسێر ) لە هێمای زمانەوانی کۆلیوەتەوەو خەسڵەتە بنچینەییەکانی بۆ داناوە ، وادەبینێت کە دەکەوێتە ناو خانەی سیستەمێکی گەورەتر ئەویش هێماکانە. زانستی زمان بەبەشێك لەوزانستە دادەنرێت و ملکەچ دەبێت بۆ یاساکانی. کەچی هەر لەو سەردەمدا (چارڵ بێرسی ) سیمۆلۆژیای دادەمەزراند بە شیکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی هێماو جیاکردنەوەی لەنێوان ئاستە جۆراوجۆرەکانی ،ئەویش بە دیار یکردنی جیاوازی نێوان هێماکان ئەوانەی کە لەشوێندا هاوسێن.بەوپێیەی کە ئەونیشانانە بوارێکن بۆجۆرێکی تایبەتی لە نیانەی کەدادەنرێت لەنێوان دال و مەدلول کە پەیوەندی هاوشوێنیان لەنێواندایە ،ئەویش بەگشتی سروشتێکی بینراوی هەیە . دوای ئەوە جۆرێکی تر لەنیشانە جیادەکاتەوە ئەویش ئایکۆنە . ئایکۆن لەشێوەی دال دا دەردەکەوێت لەلای مەزەندەکەر وەکو وێنەی (مەریەم) لە بۆنە مەسیحیەکان یان وێنەی ئۆتۆمبێڵ لەئاماژەکانی هاتوچۆدا یان ئی تر ئەوەی کە سروشتی پەیوەندی نێوان دال و مەدلولەکە دیاری دەکات لەسەر بنەمای لەیەکچون . ئایکۆن بەوشتە دەچێت کەئاماژەی بۆدەکات و ئەوساش پەیوەندی نێوانیان پێوەندی یەکی خەیاڵی یە و هەرگیز ناتوانێت لەنیشانەکە بگات ئەگەر لەپێشدا هاوتا لەوچووەکەی نەدیبێت .

جۆری سێیەم (ڕەمز ) ە ، نمونەی یەکەمیشی وشەیە ،ڕەمزیش بەوەجیادەکرێتەوە کەپێوە ند ییەکەی وامان لێدەکات کە مەدلولی وشەو دالە دەرەکیەکەی بەیەکبگەیەنین . لە ڕەمزدا پێوەندی نێوان هەردوولایەکە پێوەندییەکی لەخۆوەیە کەبەرێکەوت دروست دەبێت.پێوەند ییەکی هۆیی نییە لەلای ( ئیکۆ ) کە ڕەخنەگرێکی هاوچەرخی ئەوروپی یە ،ئەوەی کە نیشانە جیا دەکاتەوە بەهەمووجۆرەکانیەوە _توانایەتی بۆدرۆ ،ئەوەی درۆ قەبووڵ بکات نیشانەیە و ئەوەی درۆ قەبووڵ نەکات نیشانە نییە ،و بەسروشتی توانای درۆ واتای توانای ڕاستی دەگەیەنێت.

لەوانەیە سیمۆلۆژیا ببێتە یەکێك لە مێتۆدەڕەخنەییەهاوچەرخەکان کە زۆرترین توانای هەیە بۆ بڵاوبوونەوە لە بازنەکانی ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیریدا ، هەرزوو درك بەوە دەکەین کە ئەو هێمایانە لەڕووی دەلالەتە کانیانەوە دەگۆڕێن لەکەلتورێکەوە بۆکەلتورێکی تر . ئەگەر(سۆسێر) وای بینیبێت کە زانستی زمان پاژێکە لەسیستەمە گشتیەکە ئەویش سیمۆلۆژیایە ، ئەوا یەکێ لە خوێندکارە ناڕاستەوخۆکانی کە (بارت)ە ئەو پێوەندییەی هەڵگێڕایەوە کاتێ بینی کە ووردترین و ئاڵۆزترین و تەواوترین سیستەمی سیمۆلۆژی کە مرۆڤ دایهێناوە زمانە.

(بارت) خەریکە ڕای وابوو سیمۆلۆژیا لقێکە لەلقەکانی توێژینەوەکانی زمانەوانی ،ئەوەی لێرەدا جێگەی گرینگیپێدانی ئێمەیە جەخت کردنە لە سەر پێوەندی سیمۆلۆژیا بەڕەخنەوە ئەویش ئەو بوارەیە کە بیری لێدە کەینەوەو کاری تیادەکەین . و دەبینین کەزمانەوانێکی تر لەنەوەی دووەم ئەو پێوەندییەی داناوە بەوێنەکێشانە بەناو بانگەکەی دەربارەی کرداری بەردەوامی ڕۆشنبیری و

**کۆمەڵایەتی ئەویش (جاکۆبسون )ە  کە هێڵکاری بەردەوام بوونی لەگشت سیستەمەکانی زمانی و ئەدەبی  پێشکەش کرد کە دواجارڕەخنەی ئەدەبی لەشیکردنەوەی هێماکان ولێکۆڵینەوەی پێوەندی یەکانی نێوانیان پشتیان پێدەبەستێت:**

**ڕەمز**

**نامە**

**نێنەر--------کەناڵی پەیوەندی-------- بۆنێردراو**

**کۆد**

**کەواتە نێنەر  و وەرگرو ڕەمز و کۆدەکان  ئنجا کەناڵی پەیوەندی نێوان ئەو  لایەنانەمان هەیە.**
**دەتوانین لەوەوە ئەمە بەدەست بێنین کە سیستەمی ئەدەب بە ژانرە جیاوازەکانیەوە   پشت دەبەستێت بە مەزراندنی هێما زمانیەکانی کەئەو ئەدەبەی پیٚ نوسراوە وداهێنانی کۆدی تر کە لە سەروبەوە پێکهاتووە بۆدیاریکردنی ڕێگاکانی دەلالەتی ئەدەبی ،بۆنموونە-   شیعر ڕێکخستنی ڕیتمی وجۆرەکانی وێنەی بینین لەخەیاڵی شیعریدا وەك کۆدی تایبەت بەخۆی تەوزیف دەکات .دراماش کۆدە ئیحائییەکان و  زمانییە پەیوەست  بە جوولەی کرداری مرۆڤایەتی بەقسەوجوولەوە تەوزیف دەکات،و گێڕانەوەش تەکنیکەکانی پەیوەست بە کات وشوێن و شاکەسەکان تەوزیف دەکات - بۆچوونی دەنگە کاریگەرەکان لەدەقدا ) -بۆ دروستکردنی واتاکەی ،لەهەمووئەم سیستەمە ئەدەبیانەدا گرینگ ئەوەیە کە هێما بە تەنیا ناتوانێت کاربکات ، بەڵکو دەخرێتە ناو سیاقی ئاست جۆراوجۆرەوە ، شوێنەکەی   لەناو سیاقدا ئەرکەکەی دیاریدەکات .**

# میتۆدی هەڵوەشانەوە

ئەم زاراوەیە وەك میتۆدێك لە كایە مەعریفیی و رەخنەییەكاندا لە فەلسەفەو مێژوو و ئەدەب و زانستی زمان و یاسا و تەلارسازیدا سوودی لێوەرگیراوە و پراكتیك كراوە. هەڵوەشاندنەوە خوێندنەوەیەیەكی دوو سەرەیە: لەسەرێك هەوڵدەدات لێكۆڵینەوە لەسەر دەق بكات، بەشێوەیەكی ئاسایی بۆ دەرخستن و سەلماندنی مانا دیار و ئاشكراكانی ئەو دەقە. لەسەرێكی دیكەشەوە هەوڵدەدات، لەخوێندنەوەیەكی پێچەوانەدا ئەو مانا ئاشكرایانە هەڵبوەشێنێتەوە و مانا شاراوەو نەوتراوەكانی ئاشكرا بكات، ئامانجی ئەو میتۆدە بریتییە لە دۆزینەوەی درزەكانی نێوان مانا ئاشكرا و مانای نهێنی دەق، درزی نێوان ئەوەی دەق لە رووكاردا دەیڵێت و ئەویشی كە پەنهانە و ئاشكرای ناكات.

لەم چوارچێوەیەدا تێبینی ئەوە دەكەین لەڕووی مەعریفییەوە هەڵوەشانگەرایی لەناوخودی بونیاتگەرییەوە سەریهەڵداوە وەكو ڕەخنە بۆ بنیادگەری بووە، بۆ ئەوەی بیرۆكەی بنیاتی جێگیر بهەژێنێت و ونی بكات. ئەگەر (ڕۆلان بارت) لە شەستەكاندا بزوتنەوەی هەڵوەشانگەرایی دەست پێكردبێت وئەو كات بنەماكانی تەواو نەبوو بێت بە شێوازە توند وتیژەكەی لەوروژاندنی پرسیارو بەراوردكردنی مەزەندەكان لەگەڵ ڕووەوە بۆئاشكراكردنی ماناجۆراوجۆرەكانی و جیاوازیان . ئەوا (جاك دریدا) هەڵوەشانگەری دامەزراند وەك بەراوردكردنێك بۆدەقەكان و ڕەخنەگرتن لێیان .و ئەگەر بمانەوێت یەكەم نموونە بۆئەو هەڵوەشانگەراییە وەربگرین ئەوا وای بەباش دەزانین لەلای دریدا ئەو دیمەنە وەربگرین لە كتێبە بنەڕەتیەكەیدا ( نووسین وجیاوازی ) دا دەڵێت :-(( كاتێ كە لەسەردەمی بونیاتگەریدا دەژین ئەوا هێشتا زووە دەست بكەین بەهێنانی خەوەكانمان ،پێویستە بیر لەوە بكەینەوە كەچی دەگەیەنێت ڕەخنەی ئەدەبی بونیاتگەرییە ئەمڕۆئەو بیر لەخۆی دەكاتەوە، كەجیا بوونەوە مەرجی خودی كارە نەك تەنیا مەرجی قسەكردن بێت لەبارەی كارەكە..........)) ئنجا بەردەوام دەبێت و دەڵێت :- ((بەڵام بونیات تەنیا پێكنایەت لە شێوەو نیشانەو پێكهاتە ،بەڵكو یەكگرتن هەیە لە نێوان توخمەكان و لایەنە گشتییەكەیدا بەپێی گوزارشتەكانی ( دریدا ) تێڕوانین لەڕەخنەی ئەدەبیدا لێك پرسین گشتییە ، بەم پێیە بنیات ڕووی شێوەیی ڕوخسارو ناوەرۆكە ،دەووترێت ئەم لایەنگیرییە كاری خودی نووسەرە پێش ئەوەی دروستكراوی ڕەخنەبێت و بەبرێكی دیاریكراو، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوەی لامان گرینگە ئەو برەیە.

(دریدا ) پشتی بە ڕەهەندی فەلسەفی باڵاو زاڵ بەست لەوەرگرتنی جۆرەكانی قسە، كە وایكرد ڕەخنە لەلای ئەو بەپلەی یەكەم پەیوەست بێت بە چەمكە گشتیبەكەیەوە پێش ئەوەی پەیوەست بێت بەڕەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەكی تایبەت .

خوێندنەوەكانی (دریدا) بۆ دەقە جۆراوجۆرەكان و ئەو دەقانەی كەداینا بوون گشتیان پێكهاتەیەك دێننەئاراوە كە بە (ئامادەبوون) دێتە ناسین. ئەویش واتای دیاریكردنی بوون بەو سیفەتەی كە ئامادەبوونە دەگەیەنێت، ئەمە لە چەند نموونەیەكدا روون دەكرێتەوە، لە وتە بەناوبانگەكەی دێكارتدا

(من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)  من لەدەرەوەی بواری گومان دادەنرێت، چونکە لەخودی خۆیەوە ئامادەیە بەکاری بیرکردنەوە. بۆیە وتەی من هەم ڕاستە بەپێی زەرورەت هەرکاتێ دەردەبرێ ، یاخود نموونەیەکی تر وەربگرین  ئەو بیرۆکە باوەمان ئەو چرکەیە ئەوەیەیە کە هەیە، داهاتوو دواتر دەبێت ڕابردووش بووە، بەلاّم حەقیقەتی هەریەکێکیان پشت بەئامادەیی ئێستا دەبەستێت. نموونەی سێیەم بیرۆکەی واتا کاتێ یەکێکمان قسە لەگەڵ ئەوی تر دەکات بەو پێیەی کە مەسەلەیەکی ئامادەیە لە هۆشی قسەکەردا دواجار بەهۆی ڕەمزو ئیشارەتەوە  گوزارشتی لێدەکات ، کەواتە مانا هاو چەشنەکەیە لەزەینی   قسەکەردا  لە چرکەی یەکلایکەرەوەدا و ئەو بیرانەن کە دەچنە ناو پێکهاتەی زانستێك لە زانستەکان  گشتییەکان و ئەویش  لە سیستەمی ئامادەگییەوە وەردەگرێت.
ئەمە ئەوە   دەگەیەنێت  کە هەڵوەشانگەرایی خوێندنەوەیەکی دوانەیی دەخاتە  ئەستۆی  خۆی، وەسفی ئەو ڕێگایانەدەکات کە کەبەهۆیەوە قسەکان دادەڕێژرێن ئەوەی کە بیرەکانی دەقی شیکراوەی لەسەر بنیاتدەنرێت ، لەشوێنی پرسیارکردنی دادەنێت (لەوشوێنەی دادەنێت کەپرسیاری تیادەکرێت) و سیستەمی بیرەکان بەکاردێت ئەوەی کە دەق لە چوار چێوەیدا هەوڵی ئەوەدەدات  بەهۆی جیاوازیەکان و پێکهاتەکانی تر ڕێکخستنی ئەو سیستەمە بخاتە بەردەم پرسیارکردنەوە. گرینگی ئەوپرسیارە ڕوون دەبێتەوە ئەگەر لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری بکەین .زۆرجار ڕاڤەی خوێندنەوە دەکەین بەوەی کە هێرش کردنە بۆسەر نووسەران چونکە ناکۆکی و دژایەتیەکانیان لەگەڵ خودی خۆیانا ئاشکرادەکات ، یان  بوونی هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوە، لەوەش ڕاهاتووین بەو پێیەی کە دژایەتی لەگەڵ خوددا بەهای فیکری کارو هەوڵەکانیان شیدەکاتەوە .
لێرەدا دەبینین کە بیرۆکەی جیاوازی بنچینەییە لە مەزەندەی هەڵوەشانگەرایی و پێکهاتەی نووسین و ئاستەکانی تریش دەڕمێنێت ،بەم چەمکەش  هەڵوەشانگەرایی چالاکیەکی  خوێندنەوەیە بەپەیوەستی دەمێنێتەوە بە هێزی دەق ووەلاّمدانەوەی وەبەهیچ شێوەیەك بە سەربەخۆیی نابینرێت وەك سیستەمێکی چەمکی لەخۆوە بنیاتنراو .  لەبەرئەوە ( دریدا ) پەنای بردە بەر قەلاّیەك لە زاراوەکانی داهاتوو کەلەتوانادا نییە  کورتبکرێتەوە بۆ مانایەکی خودی یان تاك لەوانەیە کاری . کەبەڕەسەن فرەنسییە لەهەموونەوزاراوانە زیاتر  بەرگەی  ئەو کورتکردنەوەیە دەگرێت (DiFERENCE)
وەو بەرگری لەخۆی دەکات .زمان پشت بە جیاوازییەکان دەبەستێت هەروەك (سۆسێر ) ڕوونی کردۆتەوە بەلاّم جیاوازی خۆی لەبنیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازوموونەیدا ڕێکدەخات کە ڕێکخستنی بنچینەیی بە جیاوازی دروست دەبێت ، تەنیا وەسفی ئەو بیرۆکەیە ناکات  بەلاّم بەبەردەوامی لەدووتوێی مانایێکی ناجێگیر دەخرێتەڕوو.لێرەوە هەڵوەشانگەرایی بەچالاّکییەك دادەنرێت کەلەدووتوێی دەقدا دروست دەبێت لەسەرئەوە لەکۆتایدا جەخت لەسەربەشدارییە پاژەییەکەی خۆی دەکاتەوە ئەوەی کەلەپێشدا  وونی کرد بوو . ئەوسا خوێندنەوە بەزەبرەکان و ئەوەی دواجار هات خودی خۆی ڕووبەڕووی  هەڵوەشانەوەیەکی گەورە دەبێتەوە بۆ چەمکە چالاّکەکان کەهەڵیان دەگرێت.
. لەتەك نووسیندا بیۆرکەیەکی تری جەوهەری هەیە لە هەڵوەشانگەرایدا ئەویش بیرۆکەی بلاّوبوونەوە یان لەت وپەت بوونە ،  (دریدا)  تەرکیزی لەسەرکردووە لە هەڵوەشاندنەوەی بیری  ئەفلاّتۆنی

بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەچەمکی نووسین و تیۆری لاسایکردنەوە لەلای ئەفلاتۆن ،ئەم چەمکە لەرووی زمانەوە لەبلاوبوونەوەی وەچەوەدێت یان وەك ئەوەی مرۆڤ تۆوێك تۆبدات یان پەخشی بکات یان پارچەپارچەی بکات، چونکە واژۆکە پەیوەندی بە زاوزێوە هەیە. زاراوەکەش واتە پەخش بوونی ماناو بلاوبوونەوەی بەشێوازێك کە دەست بەسەراگرتن و بەرزەفت کردنی گرانە ، ئەو زۆربوونە لەتوانای مرۆڤ دا نییە کەبیگرێت یان ڕایگرێت بەڵکو ئاماژە بە جۆرێك لە گەمەی سەربەست دەدات ، جوولەیەکی بەردەوامە چێژدەبەخشێت و بێ ئارامی و ناجێگیری دەوروژێنێت ، ئەم زاراوەیە لەلای (دریدا ) ڕەهەندێکی تایبەت وەردەگرێت ، تەرکیز لەسەر تەسك کرد نەوەی ماناو هەڵوەشاندنەوەی دەکات.